دەنگەکانی نێو بیرۆکەکانی موسا ئەنتەر.. نووسینی: یوسف عزەدین

(دەنگی ئەقڵ؛ هەمن و خامۆش)
"زیگمەند فرەید"

چ سەیرە گۆڕە بیرمەندو فەیلەسوفەکی بەنامەی وەک ئێستە، خوەقنەری پرسیارە پڕ ئیشکال و وروژنەری پارادۆکسە مەعریفییەکان، زۆر ئاشکاوانەو بەزوبانێکی بێ گرێ و گۆ بێت؛ کەیلداری و بەکەیلەکردنی ئەوانەی دیکە لەپەداویستییە کەمایەتییەکانەو حەتمەن پاساوی بۆ ئەمڕۆ لەو دەگمایەوە سەرچاوە دەگرێت کەپڕی وایە خەڵکانێک بەخانەدانی دەنێ دنیاو خەڵکانیکی تریش بەیە دەنێ دنیا تا ببنە کەیلەو مامەڵەیەکی هاوشێوەی ئاژەڵان یان بگرێ لەوان کەمتریشیان لەگەڵ بکرێت.

خودی ئەو ئێستەیەی کەبەیەکەمین ئوستاد ناسراوە، پڕی وابووە شاناوە سەربازییە داگیرکارییەکانی خاوەن کەیلەکان، بەتایبەتیش گریکەکان بە بەدەستهێنانی کەیلە، شەرعی و ڕەگەپەدراوە؛ هەرەک چۆن ئاوکردنی ئاژەڵان شەرعی و ڕەگەپەدراوە؟! چەمکی ئازادی لای ئەو بەواتای مانەوەی خاوەن کەیلەکان لەدەسەڵاتی ڕەهایانداو هەروەها مانەوەی کەیلەکانیش لەکەیلەبوونیاندایە کەبەبەچوونی ئێستە ئەوپەڕی چاکەکاریە کاتێک کەیلەیەک دەکرێتە کەیلەو بەمەش بەختیار دەبێت لەژیانێکی ئازادانەی تایبەت بەخۆیدا؛ چونکە ئەو تەنها بە ئەوە هاتۆتە دنیاوە، تا ببێتە کەیلە. هەر بەیە سەیر نییە، کاتێک دەزانین لەهەندێک جارانداء ڕەژەی کەیلەکان لەسەداهەشتای دانیشتووانی ئەسینای پێکهێناوە و جگە لەسیاسەتکردن و بەشداریکردن لەحوکم و دەسەڵاتدا کەقەدەغەبووە لەیان.. لەزۆرێک کاری جۆراوجۆدا بەکارهێنراون وبەڵای ئێستەش باشترین جۆرەکانی کەیلەش، لەڕێگەزە ئاسیایی و نەتەوەکانی تری جیاواز لەڕێگەزی گریکیدا هەڵدەکەون و هەموو ئەو ڕێگەز و تۆخمە مرۆڤە غەیرە گریکییانەشی بەبەڵێ ناوبردووە!؟
باشترین نموونەیەکی زیندووش بە بەرجەستەبوون و پڕاکتیزەکردنی بیرۆکەی بەکەیلەکردنی میللەتانی تر، لەخودی کارو کردەوەی داگیرکارییانەی، ئەسکەندەری مەکەدۆنی؛ شاگردەکەی ئێستەدا

دەبینینەوە .
بەسەرهاتی بەکۆیلەکردنی مرۆڤ و قۆناغی کۆیلەداری لەووی مێژوویەوە، زۆر پێش ئەسکەندەری مەکدەنی دەستپێکردووەو پاش چەندین سەدەی یەک لەدوای یەکیش ئیدامەی هەبووەو لەهەمووشی سەرنجڕاکێشتر و تراژیدیتر، داهێنانکی ئیبلیسیانەی مرۆڤ بووە، بە خەساندنی کۆیلەکان؛ نەک هەر هاوشێوەی ئاژەڵان، بەڵکو زۆر لەوانیش خراپتر!
سێ هەزار و پێنج سەد ساڵ پێش زایین، سیستمی کۆیلەداری لای سەمەریێکان لەمیزۆپۆتامیادا دەبینرێتەوەو پاشان ئاشووریێکان یەکێک بوون لەو دەسەڵاتدارە دڕندانەی بەناوبانگ بوون لەخەساندنی کۆیلەکانیاندا، هەروەها فیرعەونییەکان، چینییەکان و ...!؟
پێناچێت بەدرێژایی مێژوو، هیچ حوکم و دەسەڵاتداریێک بەخستنگەڕی ئەقڵانییەت و جێ بەجێکردنی نەرم و نیانی، تواناییەتی درێژ بەتەمەنی حوکمی خۆی بدات و ڕێنگە ئەستەمیش بێت، دەسەڵاتێکی لەو چەشنە ڕاشکاوانە لەماوەیەکی زەمەنی بەرچاودا ببینرێتەوە!؟
ئیدی مێژووی کەین و فرێشتنی کۆیلەکان و بەکارهێنانیان بەدرێژایی مێژوو بەردەوام دەبێت، تا دەگاتە سەردەمی دەسەڵاتدارە ئەمەویی و عەباسیی و سەلجووقی و دواجار لای عوسمانییەکان لەشێوازێکی پڕ پەدراو و سیستەماتیکدا، دەبێتە دەزگایەکی تایبەتی گرنگ لەحوکمداری سوڵتانە یەک لەدوای یەکەکاندا. ئەو منداڵە خەسێنراوانەی کەزربەیان لەلایەن باندەکانی ڕفاندن و خەساندنەوە دابین دەکران و پاش کێنەوەیان لەلایەن کاربەدەستانەوە، دوای چەندین جار مەشق پێکردن و شەوازی فێرکارییانە، تەکێ بەحاشیەی کەشکی سوڵتان و شوێنە هەستیارەکان دەکران؛ بەتایبەتیش شوێنی تایبەتی مانەوەو گوزەرانی ژن و کەنیزەکەکانی سوڵتان و دەسەڵاتداران. حەتمەن لەژێر کاروباری جێراوجێردا بەکارهێنران، لەوانە بەتاکردنەوەی ئارەزووە سێکسییە هەمەسێکچێێکانی سوڵتان و پایەدارەکانی دەوڵەت، تا دەگەیشتە کاروبارە موخابەراتی و سیاسی و سەربازییەکانیش، هەر بە نموونە سوڵتان مەحموود یەکێک لەکۆیلەخەسێنراوە باوەڕپێکراوەکانی خۆی گەیاندە بەرزترین پلەی سەربازی و کاروبارێکی زۆری دەوڵەتیی دایە دەست و پلەی پاشایی پێ بەخشی.
ئەوەی مێژووشی خۆشدەبێتەوە، دەزانێت چۆن کافووری ئەخشیدی لەکۆیلەیەکی خەسێنراوەوە گەیشتە بەرزترین پلەکانی حوکم و دەسەڵاتدارێتی سەردەمەکەی خۆی.
تەنانەت لای خانەوادە چینییە هەژارەکان، لەسەردەمانی قۆناغی کۆیلەداری و حوکمی ئیمپراتۆرەکاندا، بەویستی خۆیان و بگرە بەکۆشش

و هەوڵێکی زۆر منداڵێک یان چەند منداڵێکی نەرینیان دەنارد کۆشک تابڵێتە کۆیلەیەکی خەسڵەنراو، بگومان بەهەمان شێوەش خانەوادەی نەدارەکان منداڵی مەینەشیان دەنارد تا ببێتە کەنیزەک. جگەی سەرنجە کاتێک لەسەرچاوە مێژووییەکاندا، ئاماژە بەبەکارهێنانی منداڵانی ڕەش پەستی کۆیلەی خەسڵەنراو لەخزمەتکردنی دەرو کۆشاکاندا کراوە بەتایبەتیش ئەو شوێنە تایبەتانەی کۆاهیبەکانی تێدا ماونەتەوە؟!

دکتۆرێکی فەڕەنسی بەناوی دکتۆر کۆلەسەردەمی محەمەد عەلی پاشادا، لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا پزیشک و بۆتەنیکاری سکتۆری تەندروستی بووە، لەکتێبێکی ناوازەو گرنگیدا کە پشکنینی بەخودی محەمەد عەلی پاشای کردووە؛ بەناوی ناساندن یان خستنەڕووی کی تایبەت بەمیسر.. لەلایەن محەمەد مەسعودی کارمەندی وەزارەتی دەرەوەی میسریی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا کراوەتە عەرەبی و لە ل٦٣٠ی کتێبەکەدا* دکتۆر کۆت، سێبارەت بەکردەی بەردەوامی خەساندن لەمیسردا دەنووسێت:

(لەئێستادا کردەی خەساندن تەنها لەمیسردا ماوەو ئەڕەی بەتەی سەرچاوەی ناردنی کۆیلە خەسڵەنراوەکان بە شوێنانی تری دنیا، هەردووشاری ئیسیووت و جورجا تاقانەن لەمانەوەی ئەم کردەیە تێیاندا و کۆش باوەدەکات؛ سەرانی ئەم کردەیە نەک هەر کەمێک مەسیحیین، بەڵکو پیاوانی ئەکلیرەسی قیبتیین کەبوونەتە مایەی شەرمەزاری بە ئایین و پەیەکی ڕەش بەتەوەی مرۆقایەتییەوە... ئەوانە ساڵانە ٣٠٠ کەس دەخەسێنن؛ بریتیین لەمنداڵانێک تەمەنیان لەماوەینی ٦-٩ ساڵاندایە...)

هەروەها دکتۆر کۆت لەهەمان سەرچاوەی ئاماژەپێکراوماندا دەڵێت:

(بەو پەیەی پێیان وایە پایێزان لەبارترین وەرزە بە خەساندن، لەپایێزدا دەخەسێنرێن و خەساندنیش تەنها بەینەوەی ئەندامی نەرینە، چووک ناگرێتەوە، بەڵکو گۆ و گونەکەشی لەبنەا لەگۆ دەبنەوەو بەخرایی ڕەنی قرچاوو دەکەن بەسەر شوێنی بەینەوەکەدا... پاشان خانەی تەدگرن و ئینجا منداڵ ئەشکەنجەدراوەکە تا ئاست سەر ورگی لەنێو عەردا دەنێژن و پاش بیست و چوار سەعات لەنێو عەردەکەی دەردەهێننەوەو شوێنی برینەکەی بەقووەی ئەبلیزو ڕەن چۆر دەکەن.. بەم کردەیەش چواریەکی ئەو منداڵانەی دەخەسێنرێن دەمرن و ئەوانەی دەشمێنن، ژیانی لەوەو دوایان لەبەدەسەڵاتی و ئازاردا دەگوزەرێنن...)

بەسەرهاتی خەسڵەنراوەکان؛ سامناکترین بەسەرهاتێکی تراژیدیە کەدەلالەتێکی ڕوونە بە بە سنووربوونی دڕندەیی هەموو ئەوانەی بەدرێژایی مێژووی ئەو کردەیە بەشداری ئێکتیڤ و ئاستەوخۆیان

کردووە و ئەوەی وایلێکردین ئەم کورتە پێشکێشی بخوێنەرووە، بەشێکی کتێبی بیرەوەرییەکانم-ی موسا عەنتەرە**
لە بەشی (ئاغای حەرەم و سومبول ئاغا) لەلاپەڕە ٥١٩-٥٢٠دا هاتووە:
{خانی دایکی گەورە لە ئیستانبووە، بازاڕێکی گەورەی کەین و فرۆشتنی کێلە بوو، من خۆشم شوێنەکەم بینیووە، کاتی خۆیشی لەوێ، لەسەر سەکۆیەکی وەک سەکۆی شانۆگەری کێلەکانیان نمایش دەکرد، بەڵام ئەو کاتەی من بینیم کێلەی لە نەدەفرۆشرا. ساڵی ١٩٢٣، کاتێک کۆشکی عەبدولمەجیدی دوایین سوڵتانی عوسمانی بە خاوەن دەمێنتەوەو پەرش و بڵاو دەبێ، دوای ئەوەی سوڵتان بڕەو ئەوروپا دەرکرا. کێلەکان بە خاوەن مانەوە، ئەوسا لەکۆشک دوو جۆر کێلەو جاریەی هەبوو. کێلە هەشکان ئەوانە بوون کەلە ئەفریقاوە بەدەستهاتبوون، بەڵام سپی پێستەکان ئەوانە بوون کەلە ئەوروپاو قەفقاسیا هێنرابوونە ئیستانبووە، لەسەردەمەکانی کۆتایی دەسەڵاتداریتی عوسمانی کێلە لە ئەوروپاوە نەدەهێنران، بەڵکو زیاتر لە قەفقاسیاوە کێلە دەهات و زۆربەیان چەرکەس و جۆرجی بوون، چونکە خەڵکی وڵاتانی قەفقاس زۆر جوانن. تا ئەو ئاستەی لەوە شوێنیان بە پێگەیاندنی کێلەکردبووە.. دەڵێن پیاوە دەوڵەمەندەکان بایی پەویستی خۆیان زیاتر، کەنیزەکی جوان جوانیان دەکەی، هیچ یەکێکیشیان لە٢٠-٣٠ دانە کەمتریان نەدەکەی، جگە لەو کەنیزەکانە ٢-٣ دانە کێلەی گەنجی قەزیشیان دەکەی، ئینجا ئەوانیان بەیەکەوە جووت دەکردو ئەو منداڵانەی لەوانە دەکەوتنەوە، وەکو بەرخ دەیانفرۆشتن.

ساڵی ١٩٤١ کەهاتمە ئیستانبووە، ٣٥ دانە لەو کەنیزەک و کێلەو خەدەم و حەشمانە لەژیان مابوون… ئەو کێلەو کەنیزەکانە کاتێک کۆشکی دوایین سوڵتانی عوسمانی نامێنێت، دەکەونە کوچەو کۆڵانەکان هەریەکەو لەلایەک بەسەدقەو زەکاتی دەوڵەمەندەکان خۆیان بژیانەوە هەواسیبوو… دەربارەی ئەو ژیانە کولەمەرگییەیان هەژدەک کاک فالیح ڕیفقی بەسەرهاتێکی ئاوای بە گەڵامەوە:
(ئەو قوبەسەرانە پەرەشان ببوون، چونکە کابرا لەنەو کۆشک گەورە بووە، بەیە زۆربەیان کەسانی خوێندەوار و هەشنبیر بوون، منیش ئەوارەیەک دەخی ژیانیانم بە ئەتاتورک باسکرد، بەڵام ئەو لەگەڵ ئەوەی گوتی: "نانا شتی وا چێن دەبێت" بەڵام بەوەداوەکە نیگەران بوو، بەیە فەرمانی دەرکرد تا داهاتی خانی گەورەی سیرکەجی ئیستانبووە بدرێتە ئەوان کەلەسوڵتانکانەوە جماوە، لەکادیکەیش کۆشکێکی سوڵتانکان هەیە، با هەموویان بەدرژایی تەمەنیان لەوە بژین، وەک دیاریشە کەسیان منداڵیان نییە، بەیە کەمردن

شۆنکانیان دووبارە ئادەستی دەوێت دەکرێتەوە. فەرمانکەی ئەتاتورک دوای دەرچوونی جەبەجێکرا، بەیە من بیرم دێ دوای ئەوە ژیانکی ئیسراحەتیان بەسەربرد)...{
ئاشکرایە سەرتاپای کتێبی بیرەوەریێکانی موسا عەنتەر شایانی هەڵوەستەکردن و لێخوردبوونەوە تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەیە؟! بەو شێوازە سادەوساکارە خەسڵەکی لێگەڕانەوەی ڕووداوەکانەدا، ئاستگیانە ڕووبەڕووی دەیان پرسیاری ئەنتەلەژی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆژیت دەکاتەوە! ئەم چێشنە لێنووسینەوەی بیرەوەری مەدرەسەیەکی بە وێنەو تایبەتە، بەدنیایشەوە کۆمەن ئەوانەی توانیویانە ئاوا بەئاشکاویی و ئاستگیانە ئەوەی دەیانەوێت لەمیانی زنجیرە گفتوگۆکانیانەوە بەرجەستەی بکەن. ئەمەش بەواتای ئەوە نایەت، کەهیچ بن دەو واتای شاراوەو پەنهان لەنەو کتێبی بیرەوەرییەکانی ئەو زاتەدا نییەو هەروا هەر چییەکی لەهەگبەدا بووە هەیەشتووە. نەخێر وەک پێشتر ئاماژەم پێدا؛ ئەم چێشنە لێنووسینەوەی بیرەوەری مەدرەسەیەکی بە وێنەو تایبەتە، واتە گفتوگۆکانی تەنها ماتەماتیکێک نین بە دراماو فیلم و نەرەتیف و ڕۆمان و ژانرەکانی تری ئەدەب کەبگوومان دەشێت لەو ڕووانگەوە سوودی لە وەربگیرێت و بکرێتە سەرچاوە. بەڵکو دەتوانین بڵێین ئەم پیاوە لەپشت ناونانی کتێبەکەی بکتێبی بیرەوەرییەکانم و پێبەخشینی خەسڵەت و سیمایەکی ئەدەبی سادەو ساکار، ویستوویەتی جگە بە نهێنییە مێژوویییە گەورەکان بکاتەوە، لەوانە گەر خوێنەر لاپەڕە ٥٥٧ تا لاپەڕە ٥٥٩ی کتێبەکە بخوێنێتەوە، ئاستی ئەو ئەرشیفکردن و درکاندنی زانیارییە تایبەت و نهێنییانەی بە دەردەکەوێت!؟
موسا عەنتەر پیاوی سەدەکەی خۆیەتی و یەکێکە لەو مەزنانەی کەناشێت لێداهاتوودا؛ بەبێ ناسین و ناساندن و کارکردن لەسەر تێکوانینە فیکری و کلتووری و سیاسییەکانی، هەنگاوێکی ئاست و دروست بنرێت!؟ ئەم پیاوە پێش ئەوەی بکوژرێت، زۆربەی ئەوەی ویستی گوتی؛ جا چ بەشێوازە ئەفسانەییەکەی کۆکەسە نزیکەکانی لێی ئاگادارن و چ بەشێوازە نووسراوەکەشی وەک ئەم کتێبەی کەپێشتر بەتورکییەکەی خوێندبوومەوە و دواجاریش بەم وەرگێڕانە کوردییە جەدی و جوانەی"محەمەد عزەدین" شادمان بووم.
جا هەر بۆیە وەک خۆم مەبەستم بوو، زیاتر هەوڵستە لەسەر ئەو بەشە تایبەتەی بکەم کەتێیدا دواییەن بەسەرهاتی تراژیدی کۆیلەو خەسڵەتەکانی عوسمانییەکانمان پێ دەناسێنێت!؟ بابەتێکی زۆر تایبەت و گرنگی مێژوویییە، دەرکەیێکی کراوەی خوێندنەوەی ماجەرای ڕووداوە مێژوویییەکانە بەشێوەیێکی بابەتییانە، چونکە هەر لەپاڵ

ئەم جۆرە شارعیەتەدانە بە بازرگانیکردن بەکیلۆ مامەڵەپێکردنیانەوە لە قەڵەمڕەوی حوکمی عوسمانییەکاندا، لەهەمان کاتیشدا لەووی تەلارسازییانەوە وەک لەوتارێکی سانسکریتی لەمەوپێشمدا ئاماژەم پێدابوو، شوێن و جێگەهەلانەی باڵندەیان لەدیزاینی کۆشک و باڵەخانەکانیاندا جێکردەتەوە.. یان دەشێت بڵێین مۆژوو یەک ئاست و یەک ئاراستە نییەو دەتوانرێت لەزێر ڕووی تەوە بەوانرێتە هەمان مۆژووی سانسکریتی دووردرێژی عوسمانییەکان!؟

جوانی نووسینەوەی مۆژوو ئەوەیە لەگەک و کینەوە هەنگڤووڵت..
هەروەک چۆن موسا عەنتەر بەو پەڕی ئاگایییەوە سەرنجمان بۆ ئەو هەوڵستە مۆژووییەی ئەتاتورک لەدەکەشت و تەمان دەگێڕانت ئەو وەک سەرکی دەوڵەتێک، لەئاست گرفتکی پشتر خووقەنراوی دەسەڵاتکی پشووتردا، دەستەوسان و خەم سارد نابێت و بەکو بەوپەڕی گرنگییەوە مشووری بۆ دەخوا. بۆیە پەویستە وەک خوێنەرکی جدی بپرسین، بۆ موسا عەنتەر دێەوێت ڕووێکی تری ئەو زاتەمان پیشان بدات.. ڕاستە ئەوەی لەزاری فالیح ڕیفقییەوە دێگێڕتەوە، حەقیقەتکی مۆژووییە، بەڵام دەشیا خێی لە ببوێرێت و نێگێڕتەوە؟ بگوومان ئەمە یەکەکە لەو پارادکسە جوانانەی گەڕانەوەکانی موسا عەنتەر و خوێنەری بەسەلیقەو جدی پەلکەشی دنیایەک پرسیار و هەدانەوەی سەرلەنوێی پەڕەکانی مۆژوو دەکات!؟
هەروەک چۆن لەکەڕەکی کاریگەری ئەمانی بەڕەگەز هیندی***، پسپۆڕی لەمۆژووی عوسمانییەکاندا بەناوی سورێا فاروقی، بەشێوازکی نوێی لەکەینەوەو وەدەرخستنی مۆژووی ناڕەسمی و شاراوە، زۆر حەقیقەتی نوێی کەمتر ئاولەدراوی هەنایەوو، بەشکی نهێنی کارکردنە مۆژووییەکەشی پێویستبوو بەدەستبردنی بۆ ئەو بەگەو نووسین و نامانەی دیلە ڕەژاوایەکان نووسیبوویان کەتیاندا هەیە پێش ئازادبوونی سانسکریتی دووردرێژی وەک دیلەک لەژێر سایەی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بەسەربردبوو.

لەو سەرچاوانە نووسینەکانی دیلەکی ئەمانییە بەناوی میخائیل هیری(١٥٦٠-١٦٢٣) کەبە ماوەی دەساڵ وەک سەوڵەدەری پاپەڕەکان ڕەتەندراوەتەوەو دەڕەت جارەکیان کاتەک خاوەنی ئەو پاپەڕەی تێیدا وەک کەیلەیەک کارمان تێیدا دەکرد، داوای لەکاپتنی پاپەڕەکە کرد کەزیاتر بەقامچی پشتمان سوور بکاتەوەو تا دەست و بردبکەین و چالاک بین، کەچی لەوەڵامدا کاپتن بەگژیدا دەچێتەوەو دەڕەت ئەم گیراوو دیلانە پەویستیان بەخەراکی زیاترە نەک لەدان و تانانەت پێیدا هەدەشاخێت و دەڕەت؛ ئەوانیش وەک تە مرەقن و دەبێت وەک مرەق

مامۆستایان لەگەڵدا بکەیت.. نەک وەک ئاژەڵ؟! بۆیە گیانەوەکەی میخائیل هیری دواجار کاتێک خاوەن پاپۆڕەکە دەبینێت، سەرجەم دیل و شاگردەکانی کاپتن پاپشتیی دەکەن، هیچی پێ ناکرێت و ئەمەو زەر نموونەی کاریگەری مرۆڤ دەستانەی ئینسانەکان، کەلەردا جێیان نابێتەوە.

شایانی باسە موسا عەنتەر لەسەرجەمی گیانەوەکانیدا، پێناچێت مەبەستی بووبێت خەیمان لابکاتە پاڵەوان، بگرە مامۆستایەکی ئەنتی هەرەش لەگەڵ خەیدا دەکات! بۆتایبەت کاتێک دەبینین ئەو موسایەی چەند جارێک دەگیرێت و ئەشکەنجە دەدرێت، کەچی دواجار دەتوانێت لەگەڵیشیان زەرێک لەپیاوانی دەوڵەتدا هاوەڵ بێت و تەنانەت لەگەڵیشیان بخواتەوە و گاڵتەو گەپیشیان لەگەڵ بکات؟ یان لەکاتێکدا کەلایەن بەشێکی زەری خەڵکی ئاسایی و کەسایەتییە ئاینییەکانەوە وەک کەمینەستێک ناسراوە، کەچی دەتوانێت لەمیانی سەردان و بەسەرکردنەوە دیدارەکانیدا لەکات و شوێنی پێویستدا وەک دیندارێک نوێژ بکات و بەشدار بێت لەمەراسیم و بۆنە ئاینییەکاندا.. لەهەمان کاتیشدا دەتوانێت تێکەڵ بکەشی ئایینی جولەکەکان بێت و ببێتە پارچەیەک لەوان و جێ متمانەیان!؟ بۆیە دەتوانین بڵێین موسا عەنتەر ئاوێنەیەکی پڕکهاتووە لەچەندین پارچەی شکاوی جیاجیای کەکراوەو کەسکەسکە دەگات بەو ئاواتەی کەمەبەستی بووە؛ هاوشانی شێخ سەعیدی پیران و سەیدەزاو قازی محەمەد، دەبێتە ناوێکی نەمر!؟
پاش کوژرانیشی لەماڵەکەی خەیداو بەرانبەر بەو دار چنارەی کەزەری خشدەویست؛ خرایە ژێر خاک و هاوکات هەمان شوێنیش کرایە مزگەوتێکی تایبەت بەوێنەو کتێب و کەلوپەلە تایبەتییەکانی و تەنانەت گڕوێیە خوێناوییەکانیشی وەک تابلۆو شایەتحاڵێک لەوەدا هەواسراون و گرنگترین وتەیەکی عەنتەریش لەکتێبەکەیدا سەبارەت بەکەیلەکانە کەدەڵێت: (بەبەچوونی من، شەهیدی ڕاست و دروستی مرۆقایەتیش ئەو کەیلەو کەنیزەکانەن، ئەگەر نا ئەوانەی لەجەنگ خەڵک دەکوژرێنەوە شەهید نینە؟!).

سەرچاوەکان
https://www.kutubpdfbook.com/book/%D8%AA%D8%AD%D9%85%D9%8A%D9*
%84-%D9%83%D8%AA%D8%A7%D8%A8-%D9%84%D9%85%D8%AD%D8%A9-
%D8%B9%D8%A7%D9%85%D8%A9-%D8%A5%D9%84%D9%89-
%D9%85%D8%B5%D8%B1-%D8%A3-%D8%A8-%D9%83%D9%84%D9%88%D8%AA-
%D8%A8%D9%83.html
**بیرەوەرییەکانم/موسا عەنتەر/ لەتورکییەوە محەمەد عزەدین/دەزگای

فام٢٠٢١

***

https://alaalam.org/ar/society-and-culture-ar/item/445-622071216

جارێکی دیکەش گەلانەوە بۆ نالی و هەگەلانەوە لە گۆران.. سەدیق سەعید ئاوەزی

مێژووی سەرهەڵدان و دروستبوونی زمان، دەکەوێتە دوای دروستبوونی مرۆڤ وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی. مرۆڤ سەرەتا بە ئاماژە و لە ڕێگەی وێنە و هەڵکێشینەوە، گوزارشتی لە بیر و داخوازییەکانی کردووە. دواتر زمان، وەك پێداویستییەکی ژیان و ئەقڵەی پەیوەندی لە یەکتر گەیشتن، دێتە ئاراوە. بۆیە زمان بە گشتی، ئامرازێکە بۆ گوزارشت وەربین و گەیاندنی ئەو هزر و بیرانەی لە هزرماندایە. نکۆی لەوە ناکرێت کە زمان، ڕێگەکی سەرەکی و بنەڕەتی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە و تاکە خاسییەتی جیاکردنەوەی مرۆڤیشە لە بوونەوەرەکانی تر، بەڵام دەبێ بزانین، زمان هەموو بوونێکی مرۆڤ نییە. چونکە ئەگەر بوونی مرۆڤ ببەستینەوە بە بوونی زمان، ئەوکات دەبێ بپرسین ئەی ئەوانەی زمانییان نییە، چۆن گوزارشت لە بوون وهزر و ڕوانینەکانییان دەکەن؟ چۆن دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەر و ئەوانیتر و ژیان بەگشتی ببەستن؟ من کە بە ماوەی سی ساڵە، ڕۆژانە و بە بەردەوامی، مامەڵە لەگەڵ مرۆڤکی بێ زمان(کە کەڕ و ماڵە و خوشکمە) دەکەم، ئیدی زۆرباش لەوە گەیشتووم کە مرۆڤ بە بێ زمانیش ژیان دەکات و هەرگیز بوونی مرۆڤ، بە بوونی زمانی نابەسترێتەوە. بۆیە دواجار زمان، هەر تەنها ئەو گەیەنەرەیە کە دەربڕینەکان دەگەیەنێت. لەوە زیاتر، لە ئاستی کەسی و کۆمەڵایتییدا، هیچ بایەخکی دیکەی نییە. هاوشێوەی ئەو هەڵەی تەزووی کارەبا دەگوازێتەوە. کە هەڵەکە بوونی نەبوو، مانای وانییە تەزووی کارەباکە بوونی نییە. بۆیە هزر، لە پێشەوەی زمانە. زمان نابێتە پێناسە و شوناس بۆ مرۆڤ، بەڵکو چی لە پشت ئەو زمانەوەیە،

ئەوە دواجار ئاگایی و هوشیاریی و ژیری مرۆڤ دەردەخات. زمان هەنگدانەوەی ئەو هزرانەیە کە مرۆڤ هەیەتی. وەك چۆن سوقرات دەڵێت:(قسە بکە تا بزانم کێی) قسەکردن لێرە، بە مانای ئەوەیە چی دەڵێیت. چونکە ئەوە هزرە لە پشت قسەکردنەوە دەوەستێت و ئاماژە بە زمان دەدات چی بڵێت و چی دەربببڕێت. بۆیە بەستنەوەی هەموو لێکدانەوەیەکی ژیان و هەموو ئاماژەیەك بە زمان، تێزێکی هەڵەیە. ئەوە زمان نییە، مانا دروست دەکات و شوناس بە شتەکان دەدات، ئەوە هزر و بیری مرۆڤە، دیاردە و توخمەکانی ژیان دەخاتە چوارچێوەی زمانێکی ئاماژە پێدراوەوە. ئەمە کە بەردەك، دارەك، ئاو، ئاگر و دەیان و هەزاران شتی تریش دەناسینەوە و گوزارشتییان لێ دەکەین، چونکە لە بیرماندا ئەو توخمانە ناوەکییان هەیە و پێیانی دەناسینەوە. مەگەر مرۆڤێکی (کەم ژیر) ئەگەر زمانیشی هەبێت، دەزانێت خەزان، تەکنەلۆژیا، فڕۆکە و سەدان شتی تر چین؟ بۆیە دەبێ بزانین زمان بەرهەمهێنەری هیچ شتێك نییە ئەگەر لە پێشدا هزر بەرهەمهێنەری نەبێت. لەو سەنگەیەوە کاتێ وتاری (گەلانەوە بێ نالی و هەڵگەلانەوە لە گەران) م خوێندەوە، کە(حوسێن لەتیف) نووسیویەتی و لە ژمارە(277_278) ی گۆڤاری سەنگینی (ئامان) بڵاوبۆتەوە، وەك خوێنەرێك چەند سەرنجێکی زمانەوانی و بابەتیم لادروست بوون، کە بە بۆای من، پێویستییان بە هەڵوەستەکردن و ئاستکردنەوە هەیە. چ لە چوارچێوەی وتارەکە بە گشتی، چ لە چوارچێوەی دیاریکردنی وشەی عەرەبی لە شیعری کوردیدا. چونکە حوسێن لەتیف خۆشی، یەکێکە لەوکەسانەی دەیان وشەی عەرەبی لە شیعرەکانیدا هەیە. کە واتا بڵچی بێ ئەوە هەوا بێت، بێ شاعیرانی تر نا؟ ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە، نووسەرێك ئەو کاتە دەتوانێت هەخنە لە بەعەرەبیکردنی زمانی کوردی لە شیعردا بگرێت، کە خۆی زمانێکی کوردییانەی پەتی و هەسەن لە شیعرەکانیدا بەرجەستە بکات. دەنا هەخنەگرتنەکە هیچ بایەخێکی نییە. نووسەر لە سەرەتای وتارەکەیدا، لە بارەی زمانەوە بە گشتی دەدوێت و دەنووسێت:(کاتێك زمان وەك سیستەمێك لە نیشانە سەیر دەکەین، دەشێت لە نێو ئاخەوەرانی زماندا، جارێك لە ڕێککەوتن لەسەر نیشانەکردن بێ شتەکان لە ئارا دابێت. هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین گوێی سوور نیشانەیە بێ خشەویستی و گوێی سپیش نیشانەیە بێ سەردانیکردنی نەخۆش، کاتێ پرسیاری هەر جۆر گوڵێك بکەین فرۆشیارەکە دەزانێت ئەم گوڵانە نیشانەن بۆچی) وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدا، زمان پێدراوێك نییە و نیشانەیەك نییە بێ دالەکان، ئەوا هۆش و بیری مرۆڤە نیشانە دەداتە توخمەکان. گوێی سوور کە نیشانەی خشەویستییە بە نموونە، ئەوا لە ڕێی زمانەوە ئەو مەدلولە ناسینەوە، بەکو هزر و تێگەیشتنی ئەمەیە بێ گوێەکە،

که وەك هەمایەك بۆ عەشق و خۆشەویستی دەیبینێت. کاتێ گوڵەکی سوور دەدەینە دەست منداڵێکی تەمەن شەش ساڵی، ئاخۆ ئەو دەزانێت ئەم گوڵە نیشانەیە بۆ خۆشەویستی؟ کە واتا نووسەر چۆن ئەو گشتاندنەی زمان دەکات کە کاتێ مرۆڤ گوڵی سوور دەبینێت، بیری بۆ خۆشەویستی دەچێت؟ نە گوڵی سوور و نە گوڵی سپی، هیچ دەلالەتکییان نییە ئەگەر مرۆڤ خۆی لە ڕۆی هزرییەوە مانایەکییان نەخاتە پاڵ، چونکە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە هەر کەسێك ئەو گوڵەی بینی بیری بۆ خۆشەویستی دەچێت، کە واتا زمان تەنها نیشانەیەکە بۆ نیشانە کراوێك بە تەنها. گریمان ئەگەر کەسێکی کەم ژیر گوڵەکی سوور ببینێت، بیری یەکڕاست بۆ ئەوە دەچێت کە هەمای خۆشەویستییە وەك ئەوەی نووسەر نووسیویەتی؟ نووسەر لە درێژەی وتارەکەیدا دەنووسێت(کەسێك بە بۆ ئەوەی هیچ دەنگێکی لێ بەرز بێتەوە، دەتوانێت ئەمە تۆ بگەیەنێت کە ئازارێکی هەیە، ئەویش کاتێ دەستی لە سەر شوشەنێکی لەشی دا ئەنێت) با وای دابنێین، کەسێك بە هەڵە و بۆ مەبەستی چەواشەکردن و فریودانی بەرامبەرەکەی، دەست لە سەر شوشەنێکی لەشی دائەنێت و وا خۆی دەنوێنێت کە ئازارێکی تونـدی هەیە، کە لەبنەڕەتدا وانییە، ئایا تێگەیشتنی ئەمە بۆ زمانی ئاماژەی ئەو کەسە، لێرەدا هەڵەیان ڕاست؟ ئەوەی ئەو گوزارشتی لێ دەکات لە ڕۆی ئاماژەکانی خۆیەوە دروست و مانادارە، یان شێواندن و فریودان؟ کۆشەی نووسەر ئەوەیە کە بە هەمان ئەو دیدگا گشتییەوە دەڕوانێتە زمان، کە نووسەرانی کورد وەك پیرۆزییەك دەیبینن کە ئەویش کاتێ هایدگەر دەڵێت (زمان ماڵی بوونە) واتا بوون دەبەستنەوە بە زمان. لە کاتێکدا زمان هیچ بایەخێکی نییە، ئەگەر هزری مرۆڤ مانایەك بە نیشانەکانی ئەو زمانە نەدات. مرۆڤ دەتوانێت نمایشی جۆرا و جۆر لە ڕۆگەی زمانی ئاماژە و تەنانەت زمانی دەربڕین و گوتنیشەوە بکات، بە بۆ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە ڕەهەندەکانی زمان خۆیەوە هەبێت. ئەمە لێکدانەوەکانی مرۆڤە ڕەهەندە شاراوەکانی پشت ئەو زمانە لێکدەداتەوە و دواتر مانا بە ناوەڕۆك و گوتاری زمانەکە دەدات. هەر لە درێژەی وتارەکەیدا، حوسێن لەتیف دەنووسێت:(هەماکانی هاتووچۆ زمانێکی تایبەت نییە بە کولتوورێکی دیاریکراو بەکو تەواوی کەمەگاکانی جیهان ڕۆککەوتوون کە ئەمە زمانی نێوان شوفێر و پیادەڕۆشە) هەبەتە هەماکانی هاتووچۆ، تەنها ئاماژەن بۆ شوفێر و زڕینەی هەرە زۆریان، هیچ پەیوەندییەکییان بە پیادە ڕۆوە نییە. ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە، هەماکانی هاتووچۆ ئاماژەی زمانەوانی نین، بەکو ئاماژەی وێنەیین. واتا ئەو هەمایانە لە ڕۆی بینینەوە دەناسینەوە نەك زمان. لێرەوەش بایەخی ئەو هەمایانە بۆ کەسانێك کە نابینان هیچ نییە، ئەگەر زمانی ئاماژە و دەربڕینیشیان

هەبێت، وەك ئەوەی نووسەر نووسیویەتی. کە واتا زمان بە گشتی، پێدراوێکی سرووشتی و فیزیکانەی مرۆڤە و لە دەرەوەی هۆش و بیرکردنەوە، هیچ بایەخێکی نییە. هەموو مانا و ئاماژەکانی زمان، ئەو کاتە دەلالەتێکییان دەبێت، کە هزری مرۆڤ ئاراستەیان بکات. دەنا بوونی زمان بە تەنها ناتوانێت ئاماژە و شوناس بە هیچ شتێك بدات. بەشی دووەمی وتارەکەی نووسەر، لە باری دیاریکردنی وشەی عەرەبییە لە شیعری دوو شاعیری کورد دا. دیارە هەنگدانەوەی وشەی عەرەبی و زمانەکانی تریش لە بینای هونەری دەقی شیعریدا، هەر لە سەردەمی شیعری کلاسیکەوە تاکو ئێستا، لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی کورد بە گشتی دەبینرێت. ئەم گرفتە، بەشێکە لە گرفتێکی گەورەتر کە ئەویش نەبوونی زمانی ستاندار و نەتەوەیی و هاوکات کوردییانەی پەتی و هەسەن لە شیعردا. هەبەتە زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانە ورد و هەمە زاراوە و هەمە ماناکانی جیهان، کە وردەکاری زمانەوانی ئەو تێدایە، کە لە زمانەکانی دیکەی جیهان بوونییان نییە. بۆ نموونە:
(جەستە، تەرم، لاشە، وەفات) هەر یەکەیان ئاماژەن بۆ دۆخێکی جەستەیی دیاریکراو. ئەمە لە زمانەکانی دیکەدا (عەرەبی و ئینگلیزی) بوونی نییە مەبەستمان لێرەدا ئەوەیە، کە کورد گرفتی هاو واتاو زاراوەسازیی نییە. بۆیە ئەگەر شاعیرانێك وشەی عەرەبی لە شیعرەکانیاندا هەبێت، ئەوا پەیوەندی بە دنیابینی و تێگەیشتنی خۆیانەوە هەیە، نەك خودی زمان. کاتێ شاعیرێکیش هەخنەی ئەوە دەگرێت کە وشەی عەرەبی لە ئەزموونی شاعیرانی تردا هەیە، دەبێ خۆی زمانێکی تەواو کوردییانە و خاڵی لە وشەی عەرەبی هەبێت، ئەو کاتە هەخنەکەی شوێنی خۆی دەگرێت. حوسێن لەتیف، خۆشی لە شیعرەکانیدا، نەك تەنها وشەی عەرەبی، بەکو ئایەتی قورئانی پیرۆزی داناوە، کە سەرتاپای عەرەبییەکی ئاستەقینەیە و هیچ پەیوەندی بە زمانی کوردییەوە نییە. بەو پێیەی قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە. بۆیە ئەویش هاوشێوەی (دلاوەر قەرەداغی و جەمال غەمبار)، دەیان وشەی عەرەبی لە شیعرەکانیدا هەیە. لە کەمەکە شیعری (جەنگ نیازی ئاوابوونی نییە)، پێنج ئایەتی قورئانی تێکهەکێشی شیعرەکانی کردووە. شاعیرە کلاسیکەکانیش هەر ئەمەیان کردووە. ئەگەر پاساوی نووسەر ئەوە بێت، کە زمانی قورئان عەرەبییە و بۆیە بە عەرەبی ئایەتەکانی داناون، ئەوا پاساوێکی لاوازە، چونکە ئێستا ئایەتەکانی قورئان بە کوردی کراون و دەیتوانی بە کوردی دایانبنێت، ئەگەر لە خەمی زمانی کوردی دایە و لەو سۆنگەیەشەوە هەخنە لە شاعیرانی تر دەگرێت. هەرلەو کەمەکە شیعرەی حوسێن لەتیف، ئەم وشانە هەن کە هیچیان کوردی نین و هەندێکیشیان عەرەبین. ئەوانیش:

(موعجیزه، قیبله، مسته‌ر، گۆلف، قارداش، ستیان، مۆدێرنه، زەمهەریر، هەمز، حیجاب، ئیمان، ئاغا، یابه، تەوق، میتامۆرفۆس) ئەم وشانه، هیچیان کوردی نینه و تەنانەت هاو واتاشیان هەیه له زمانی کوردی. کەواتا بۆچی شاعیر هەخنه له (غەمبار و قەرەداغی) دەگرێت، که وشەی عەرەبی له شیعرەکانیاندا هەیه. ئەگەر ئەمان زمانی کوردییان له شیعرەکانیاندا به عەرەبی کردبێت، ئەوا حوسێن لەتیف له یەك کاتدا له شیعرەکانی خۆی، زمانی کوردی به(عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی) کردووه. سەد هەنگاو زیاتر لەو دوو شاعیره بۆ دواوه، گەڕاوەتەوه بۆ نالی و گۆرانی جێهێشتووه. هاوکات له شیعرەکانی کۆمەڵەی شیعری (دەرگاکان به زەردەخەنه دەکرێنەوه) که ئەویش هەر هی خۆیەتی، ئەم وشانه دەبینرێن (ئەجەل ، فۆتۆ، شەحاته ، جەنەڕاڵ ، سندووق ، موبتەدا ، خەبەر ، تیلاوه ، دەفتەر) ئایا ئەمانه، له کوێدا وشەی کوردین، تا شاعیر هەخنه له شاعیرانی تر بگرێت، که وشەی عەرەبی له شیعرەکانییان هەیه؟ بۆیه پرسی هەنگدانەوەی وشەی بیانی له زمانی کوردیدا، پرسێکی ئاڵۆزه و ناکرێت ئەو بابەته ببەستینەوه به دوو شاعیری دیاریکراو. وەك خوێنەرێك لەبەر ئەوەی سەروکارێکی زۆرم لەگەڵ دنیای کتێب و خوێندنەوەدا هەیه، ئیدی دەزانم کەم نووسەری کورد هەیه، له دەقەکانیدا پەنا نەباته بەر وشەی بیانی بۆ نووسین. بۆیه ئەم دیاردەیه ئەو کاته نامێنێت، که زمانێکی ستاندەری یەکگرتوومان هەبێت، یان دەزگاکانی دەوڵەت به کوردیکردنی نووسین به گشتی بکەنه فەرمی.

*ئەم بابەته له ژمارە(288) گۆڤاری ڕامان، ڕێکەوتی 10/5/ 2021 بڵاوکراوەتەوه.

چێمکی (دێرکۆرد) لە ڕۆمانی (میرنامێ)ی جان دێستدا.. گۆران

سەباح

خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بە هاوڕێی تیری ڕەخنەیی وەڵامی خوێنەر

بە پێناسە و ورد و دڵشتی تیری ڕەخنەیی وەڵامی خوێنەر داناچمەوە، پێشتر بە وردی باسم کردووە (سەیری لینکەکە بکە لە خوارەوە).
لای هەروە، سەت ئافەرین بە وەرگێڕی ڕۆمانەکە، سەباح ئیسماعیل. ئای لەو وەرگێڕانە چاکە! هەستم نەکرد دەقێکی وەرگێڕدراو دەخوێنمەوە. دەتوانم بڵێم سەباح یەکێکە لە وەستاکانی وەرگێڕان. دەتوانم ئەم شایەتییە بدەم چونکە خۆم (٣٠) کتێبم لە ئینگلیزییەوە بە کوردی وەرگێڕاوە، ئەوە بە لە (١٨) کتێبی مەنهەجی پەروەردەیی. ئەم ئەزموونە پێم دەڵێ وەرگێڕان کارێکی سانا و سادە نییە، بەتایبەتی وەرگێڕانی ڕۆمان. سەباح باش دەرەقەتی میرنامە هاتییە، بۆیە بە پەویستم زانی لەرە نیشتەرمەوە.
سەتان جار گومان لە "دەردەکورد" بووە، لەرە و لەوە، خەڵک بەکاری دەبەن بە دەربڕینی "خەخەری" لە نەو کورداندا. سەربردەی زەر هەن لەسەر خەخەریی نەو کوردان. جان دەست، نووسەری میرنامە، "دەردەکورد"ی کردووەتە یەکێک لە تەما سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەی. خانی لە لاپەڕە ٢١٨دا بە مەلا سمایل دەڵێت، "دەردی کوردان و ملخواریان ژەهرەکە بە خەی . . . ئەوە بە چل ساڵ دەچێت دەژێتە گیانی منەوە."
ئەحمەدی خانی بەم دەردە چوو. لە خوێندنەوەی میرنامە و گوتەنە دیمانەیلی نووسەرەکەی، وای بە دەچم میرنامە کەشانک بەت بە دیتنەوەی چارەیەک بە ئەو دەردە کوشندەیەی چەندان ستایە کورد دەپلیشنتەوە. هەر خانی بەم دەردە نەچووە، هەزارانی تریش.

کە دەڵێم "چەمک"، یەکسەر نەخشییەکە "دەردەکورد" لە بازنەی سەربردە و قسە و تێگەیینی ئاسایی دەتە دەرەوە و دەبەتە بابەتی توێژینەوە لە بواری ئەدەب، فەلسەفە، دەروونناسی و زمانەوانییەوە. لەم نووسینەدا لە ڕۆگەی تیری ڕەخنەیی وەڵامی خوێنەر، کە تیرێکی ئەدەبییە، چەمکی "دەردەکورد" دەخینە ژێر هاوڕێ.
لە ڕۆگەی کارەکتەرەکانەوە، نووسەر نەخشییەکە پەلەن دەکات:

١- دەردە کورد لە نەوان میرانی کورددا: میر محمد و سلەمان بەگی کاتب دەنە کوشتن.
٢- دەردەکورد لە نەوان بازرگانانی کورددا: سلیمی نابەند کەیفی

بە سەرحەدینی سەحاف نایەت. حاجی زوهدی بازرگان، باوکی شەنگە، کەیفی بە هیچ بازرگانێکی تری کورد نایەت.
٣- لە نەوان ڕەشووتاندا: مامباتی یاوزی دەمامکدار. باوکی یاوز سەری هاوسەرکەی، کە دەکاتە دایکی یاوز، لەبەرچاوی یاوز دەبڕێت. دوای ئەوەی سواری یاوز دەبێت، یەکتری دەدەنە بەر خەنجەران و یاوز باوکی خەی دەکوژێت.
٤- دەردەکورد لە نەوان نووسەراندا: بوهاری داستانی "شەتەی سەرحەدان" لە خانی دەدزێت بە ناوی "دەوانەی بایەزید" لە ژێر ناوی خەیدا بەاو دەکاتەوە.
٥- دەردەکورد لە نەوان پیاوانی ئایینیدا: مەلاکانی نەو ڕەمانەکە خوێنی ئەحمەدی خانی فە دەکەن.
٦- دەردەکورد لە نەوان نووسەران و میراندا: میر عەبدولفەتاحی پسیانی دەستی لە کوشتنی خانیدا هەیە.
بەگشتی، ڕەمانەکە تاقیگەیەکە بە دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی نەخشیەکە. نووسەر، وەک بەرپرسوبەری تاقیگەکە، بەوپەڕی پڕۆفشنالی و لێزانیەوە کاری کردووە. ئەم ڕەمانە هیی هەر نەتەوەیەکی دیکە با، ئەستە بە ملیانانی لە دەفرۆشرا، کرابووە فیلم و بە چەندان زمانیش هاتبووە وەرگێڕان، بەڵام لەبەرئەوەی دەردەکورد ئەستە لە جاران کوشندەترە، ڕەمانەکە بە ناز کەوتووە.
نووسەر، بەئاگایەوە بە یان نا، لە تاقیگەکەدا دەرمانێک دەدزێتەوە بە دەردی کوردان. دەرمانەکەش "هەقبەژی"یە. ئەمەیش باجی دەوە. خانی لەسەر "هەقبەژی" دەتە دەرمانخوارکرن. خانی هەندە هەقگە بووە لە لاپەڕە (١٥٩-١٦٠)دا ڕەخنە لە مەلای جزیری دەگرێت و ڕاستیەکە دەڵێت: ". . . من نکولی ناکەم و گومانم لە شاعیربوونی نییە، لە دڵەم چەن شاعیرێکی گەورەی وا خەشمەشرەب . . . چاوپۆشی لە تاوانەکانی میر بکات؟!"
خانی هەندە هەقبەژ بووە لەسەر مەرگیدا نامەیەک بە میر دەنووسێت و هەرچی پەشتر پەی گوتووە دووپاتی دەکاتەوە. "ئەی میر لەو ڕەژەوەی تە میرایەتیت بە چوار هەزار . . . ئەز دەرکم بەوە کردبوو تە لایەقی تەختی میرێتیی سەرحەدان نییت." (لاپەڕە ٢٣٧).
نموونەی هەقبەژی وەک چارسەر لە تاقیگەکەی جان دەستدا زەرن، بە خوێنەریان جە دەهەم.
چتەک هەیە هەردەم هاودەمی هەقبەژیە. ئەویش (ترس)ە. بەڵام ڕەمانەکە، هەرچی هەیە لە هەقبەژیی خانی دەترسێت. وەک کابرای دەمامکدار، کە هەموو ژیانی ئاکردنە لە هەقبەژی، کارەکتەرکانی تر هەر یەکە بە جۆرێک دەمامکی (ترس)ی بەستووە. هەمووی، خانی نەبە، دەترسێت لە هەق. مخابن، هەقبەژ دەمرێت و ترسنۆکانیش دەمێنن. وەک

ئەم سەردەمە. هەندێ جار وای دەبینم جان دەست بە کەرستەیلی بوری باسی ئەستێ دەکات.
هەخنەگر و ئەکادیمیستی تر دەتوانن کار لەسەر چەمکەیلی تری نێو هەمانەکێ بکەن وەک: لێبوردەیی، پێکەوەژیانی ئایینزاکان، ئیسلام، بکوژ، خەخەری، خەشەویستی، هەخنە، هتد.
پرسیار لە جان دەست دەکەم. بۆچی هەندێ بەشی زیاد کردووە لە هەمانەکەی کە هیچ پەیوەندییان بە پەت و تەمایەلی هەمانەکەوە نییە، وەک: زەربەی هەوداوەکانی پەیوەست بە هەجبی بەرگدروو، سەلیمی ناببەند و چیرەکەکانی و هەندێ وردەکاری لە هەموو بەشەکان کە خزمەتی پەتەکەی ناکەن؟ بە نموونە، بۆ خوێندنەرێک چیرەکەکانی سەلیمی ناببەند نەخوێندنەتەوە، هیچ لە هەمانەکێ کەم ناکاتەوە. ئەم زیادگەتنە تەزەک لە چەژی هەمانەکێ کەم دەکاتەوە و خوێنەر دەش دادەمێنێت و دەپرسێت، "بۆچی باسی ئەمانەم بۆ دەکەی؟ بۆچی لا دەدەی؟"

لەم لینکێ بۆ وردی باسی تیەری هەخنەیی وەهامی خوێنەرم کردووە
https://hawcharkh.net/23/11/2021/2833/?fbclid=IwAR2u-EveeB_YxkV_JNlAQ5AKKVfY6O4a8UVDg9RexY7r1iGZrXHZO86gd24

هەخنەی ئاشکاوییە.. بەختیار محەمەد

لە هەخنەدا ئاستیی هەیە. بە واتای ئاستیی بە ئاشکاویی خێی نیشان دەدا. هەخنە ئەگەر بوێر بێ، خاترانەی تێدا نییە، چونکە ئامانجی دەرخستنی ئاستییەکانە. هەخنە بە هەهایی بۆای بە پێپالیزم نییە و بە تەواویی دژیەتی. (1)

هەخنە تەحلیل نییە، گوتنی ئاستەوخێی ئاستییەکانە: تەحلیل ئاقە دەکا و شی دەکاتەوە، واتە بە ناڕاستەوخێ بە دەرخستنی ئاستییەکان دەچێ، وەلێ هەخنە ئاستەوخێ شت دەدرکێنێ. لێرەوە هەخنە دەست بە هەموو بوارێك دەبا: دین، سیاسەت، سێکس، کەمەگە… تاد. لەمەوە گەورەترین کێشە لە کەمەگەدا، هەخنە دروستی دەکا. (2)

هەخنە هەمیشە شکی تێدایە. هەخنە تەقینەوەیە لە بێدەنگیدا. ئەوانەی پێپڵیستن و خاترجەمن (نا،م بەرژەوەندخواز)، ناتوانن هەخنە بگرن و ناتوانن هەخنەگر بن. هەخنە خێی شەهە: شە،کی قورس و دژوار و ترسناك. جا ئەم هەخنەیە لە هەر ئاست و بوارێکدا بێ. بە گومان هەخنەی هەموو ئاستەکان وەك یەك نین: هەخنەی سیاسی و هەخنەی ئایینیی قورستر‌ین و ترسناکترین بواری هەخنەن. لەمەوە هەخنەی ڕاشکاوی عەقڵانیی، لە هەناوی خۆیدا تووی گ،انکاری زۆری هەڵگرتووە؛ بە واتای تووی پەرەنسیپی ئەم گ،انکارییە. هیچ گۆرانکارییەك بە بێ هەخنە نابێ. شارستانەتی مەزنی ئەم،ی ئەوروپا، هەخنە دروستی کردووە: هەخنە لە ئایین و لە دەسەڵات. بە واتای هەخنە لە دەسەڵاتی ئایین و لە دەسەڵاتی سیاسی. هەتا هەخنە لەم بوارانەدا سەرکەوتوو نەبوو، لە بوارەکانی دیکەش (ئەدەب، زانست، فەلسەفە، هونەر…) سەرکەوتوو نەبوو. واتە دەروازەی سەرکەوتنی هەموو هەخنەیەك، هەخنەی سیاسی و هەخنەی ئایینییە. شەی یەکەمی زانست لە سەردەمی ،نیسانسدا لەگەڵ ئایین (دەسەڵاتی هەهای پاپا و کەنیسە) و دەسەڵاتە سیاسییەکانی هاوپەیمانی بوو.

ئێستاش لە دنیای ئێمەدا، تا هەخنە ببێتە بەرنامە و ،،بازی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ،،شنبیرییمان، دەبێ هەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی و لە گوتاری باوی دەسەڵاتی ئایین بگیرێ و دەست پێ بکا. هەخنە دەبێ هەموو شتە (دیاردە) چەقبەستووەکان تەك بشکێنێ، هەبەت بێ هەحمانە دەبێ ئەم کارە بکا. ،استییەکەی سەرەتای دنیایەکی نوێ، ژانی هەخنە بەرهەمی دەهێنێ؛ تا هەخنە نەبێ، هیچ شتێکی نوێش لە دایك نابێ. کەواتە هەخنە دەبێ مەبدەئی هەموو شتێکمان بێ لە ژیاندا: هەر لە هەفتاری ژیانی کۆمەڵایەتییمانەوە بگرە، تا دەگاتە ژیانی ساسی و شەخسی و ئەدەبی و ،،شنبیرییمان…

پەراوێزەکان:

1- ئێمە لێرە باسی پرەنسیپی هەخنە دەکەین، نەك ،،بازی هەخنە. واتە چەمکی وەزیفەی هەخنە بە شێوە گشتییەکەی.

2- بە،، ئێمە هەخنەی شیکاریی و تەئویلییمان هەیە، بەڵام ئەم جۆرە هەخنانە ،استەوخۆ نین، بەڵکو لە ،،گەی تەئویل و شیکردنەوەوە (واتە بە نا،استەوخۆ و جۆرێك لە پەناوپەسێو) خۆیان بەدەردەخەن. هەخنەی ،استەوخۆ ئەوەیە، کە ،استەوخۆ پەنجە لەسەر شتەکان (،استییەکان) دادەنێ. ئەمە زیاتر لە هەخنەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی و ئایینییدا بەدەردەکەوێ. ئەم جۆرە هەخنەیە جۆرێك لە توندوتیژیی

تەدایە و زۆربەی جاریش نائەکادیمانەیە و لە دەرەوەی دەزگا فەرمییە ئەکادیمییەکاندایە. دەشێ بڵێین هەخنەی تەحلیلی و تەئویلیی پتر هەخنەی فیکریین، بەڵام هەخنەی ڕاستەوخۆ هەخنەیەکی ئایدیۆلۆژیی و ئەخلاقییە.

بەختیار محەمەد

سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لەسەر درۆکانی لە پەرلەماندا داوای دەستلەکار کێشانەوەی لێدەکرێت.. نوری بەشیر

ئەمڕۆ دانیشتنی پەرلەمانی بەریتانیا نمایشی خستنەڕووی درۆکانی سەرۆک وەزیران بوو، ئاشکرابوونی درۆگەلێک کە تاماوەیەک لەمەوبەر ئەو ئیدعایانەی لەسەریبوو ڕەتیدەکردنەوە، بەڵام ڕۆگایەک لەبەردەمیدا نەما ئەوە نەبێت کە داماوانە داوای لێبوردن بکات.
ئەوە یەکەمین جارە کە بەریس جۆنسنی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا کە لەوکاتەوە هەڵبژێردراوە، ئاوا کەساس و داماوانە، لە پەرلەماندا ببینرێت. جۆنسن کاتێ بەر ناڕەزایەتی و ڕەخنەی نزیک تەنها ئەندام پەرلەمانەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەکو کاتێ بەردەم ناڕەزایەتی بەشێک لە ئەندام پەرلەمانی حزبەکەی خۆشی حزبی پارێزگاران.
ئەم فشارەی ئەمڕۆی پەرلەمانی بەریتانیا بەشێکی فشاری ئۆپۆزیسیۆنەکانی حزبی پارێزگاران و جۆنسنە، بەشێکی سەرەکی فشاری خواروەی کۆمەڵگەیە لەخێکی کرێکارو کەمدەرامەت و چەپەکانی بەریتانیا لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا. ئەم ناڕەزایەتیانە بە جۆنسن و حزبەکەی و حکومەتی بەریتانیا، پێش ئاشکرابوونی درۆی سەرانی ئەم وڵاتە کە خەیان یاسا دادەنێن و خەیان یاسا شکێنن، لەوەو سەرچاوە دەگرێت، بەدوای بڕکست دا کە قەیرانێکی قوڵ و فراوان ڕووی لەکۆمەڵگە کرد، باجی ئەم قەیرانەش خێکی کرێکار و کەمدەرامەتی کۆمەڵگە داویەتی.

کۆتنەبەر ڕەخنەو ناڕەزایەتی ئەندامی سەرانی حکومەتی بەریتانیا بەتایبەت سەرۆک وەزیران لەپەرلەماندا، لەوەو سەرچاوەی گرتوو و تەقیوە لەکاتێکدا لە ٢٠٢٠ دا بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی توشبوون و مردن بەکۆرۆنا، حکومەت ناچاربوو بەیاری توند دەربکات کە بەهەموو شێوەیەک کۆبوونەوە قەدەغەکرا، چ لەماڵان و چ لەشوێنە گشتیەکان، ڕێکاریی یاسایی توند گیرایەبەر.
ئەم یاسا تونداند لەپەرلەمانەوە دەرچوون، جێنسن خۆی ئیمزای لەسەرکردبوو، بەڵام هەر لەکاتی ئەم یاسا تونداندا خۆیان یاسایان شکاند، لە داونین ستریت کە جێگای نیشتەجێبوونی سەرۆک وەزیرانە، کۆبوونەوەو ئاهەنگ سازدراوە، کە خودی سەرۆک وەزیران خۆی و هاوسەرەکەی بەشداریان تێدا کردوە.
پاش بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە سەرۆک وەزیران بەشێک لە سەرانی تری حزبی پارێزگاران حەشایان لەکرد و داوای لەکەینەوەیان کرد لەسەری، بەڵام بەخت یاوەری بەریس و حزبەکەی نەبوو، هەر زوو ڤیدیۆکەی ئاشکرا بوو، نێک ئاوەی خۆی بەشداری کردووە، بەڵکو قسەیشی تێدا کردوە، هەر زوو ئاڵەگرا ستراتون وۆک وتەبێژی سەرۆک وەزیران دەستی لەکار کێشایەوە، دوای دزەکردنی ڤیدیۆکەی و گاڵتەکردنی.
ئەم یەکەمین دەست لەکارکێشانەوەی نەبوو بەڵکو لە دوو ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەک لە سیاسەتمەدارە پلەبەرزەکان و ئاوێزکارانی حکومەت دەستیان لە پۆستەکانیان کێشایەوە هەر لەسەر پێشێلکاریەکانی شکاندنی یاساکان و ڕێکارەکانی کە خۆیان بۆ کۆرنایان دانابوو.

ئەم یەکەمین جار نیە کە بەریس و حزبەکەی درێ لەگەڵ خەڵک دەکەن. لەدەورەی بڕەکست هەم بەریس و هەم نایجل فاراج درەی زەریان کرد و فریوی خەڵکیان زەردا بەڵام بەهۆی ئەوەی کە حزبی پارێزگاران وۆک حزبی راستی بەرژوازی و چالاکترین حزب کە رکابەری بەهێزی نەبووە نیە، هەمویان لە پەرلەمان و یاسا و لە پالیسیشدا تێپەڕاندووە.
لە دانیشتنی پەرلەمانی ئەمڕۆدا سەرۆک وەزیران لەگەڵ ئەوەی لەژێر فشارێکی زەردا بوو، بەناچار بە دەزینەوەی ڕێگایەک و ڕێکەوتن و ساتوسەداکردن لەپشتەوە کارکەیان سپارد بە لەکەینەوە، لانیکەم بە ئەوەی ئەندامانی خۆیان قەناعەت پێبکات کەپشتی بەرنەدەن. بەرژوازی بە مانەوەی لەدەسەاتدا پەنا بە هەموو شێوەیەکی چەواشەکاری و درۆ دەبات، بەتایبەت لە وڵاتانی ئەوروپادا کە کەمترین زەمینە هەیە بۆ سەرکوتی ڕاستەوخۆ.
بەریتانیا بە قەیرانێکی گەورەی ئابووری و درێی سەرانی حکومەتدا

تەدەپڕەت، بەتایبەت بەریس پاڕەوانی بڕکست بوو، ئێستا ئیتر ناتوانێت وەڵام بە قیرانی ئێستا بداتەوە، بەرژوازی بەشوێن بەدیلدا دەگەڕێت، ئیتر دەکرێ بەریس بکەنە قوربانی لەپێناو دەسەڵاتی بەرژوازیدا. هەموو ئەو ڕێگایانە دەگرنە بەر بە شکاندنەوەی قیران و ئاکامەکانی بەسەر خەڵکدا، هەروەها درێ و چەواشەکاریش هەر بە پاشکۆ بەناڕەزایەتیەکانی خەڵک و سپاندنی بێکاری و هەژاری زیاتر بەسەر خەڵکدایە. هەربۆیە دور نیە ئەم دریانە و شکاندنی ڕێکارەکانی کرێنا، سەرۆک وەزیران بکەنە قوربانی بەرژەوەندی سیاسەتی بەرژوازی دەسەڵاتدار و مانەوەی سیستەمەکەیان، بەتایبەت لە ئێستادا کە بزوتنەوەی کرێکاری لەبریتانیا لەهەمووکات زیاتر دۆرێکی لاواز بەسەردەبات و حزبی کۆمۆنیستی و کرێکاری مەیداندار نیە، ئەوەی هەیە چەپێ ئەویش تەنیا هێزێکی فشاری لاوازە، بەیە ئەزمەیەک کە ڕووی کردەتە حکومەتی بریتانیا و خودی حزبی پارێزگاران کەسایەتی وەک جەنسنی پەویستە.

١٢ی جەنیوەری ٢٠٢٢

ووتنی هەموو شتێك.. سەباح هەنجەر

وەسیەت دوای گەرمبوونەوەی خەڵە سارەکان

فریشتەیەکی توند تەونی هەموو ژیانی بە چنیم
ووەو من سینگی گەرمکرد و مەودا بە کەچی وشە دەپڕوم
کوڵە نەبەرەکەم شیعر
لە جەنگی چوارناڵەدا بە ڕێگای نیشتەجێبوون دەمە بوار و هەوارت
گوناهێکی گەورەیە دەست لە ئەسك بدەیت و ببێتە خەڵ
باڵ ماون لە زەوی بخشێن و لە ناوچەوانی ماندوومان بپرسن
ئەوە چیت لێهاتووە
شارێکیش لە پەویستییەکی هەنیەیی تەزوو لە هەناوی دەسووتێ
هەتاوی لاویی لە پشت بئاڵێنم و درەختی یەکەمی بە دەوردا بڕوێنم
ئەوانەی دوای شۆنپێ کەوتوون

بە زەردەخەنەوە بەخۆرهاتنیان بکات و بە لاوی بەهێز ماچی بکەن
بەرەو ڕوخساری لە نەرمونیانی ئەستێرە چنراو هەنگاو گەرم دەکەن
ڕۆح سەرچاوە دەناسێ و دەزانێت دنیایی چییە
خەونکی بەهێزە
***
لەوانەی بەدگومانیان بەرانبەر کرا زۆریانم ناسی و بوونە ئانوساتی
سپێدە لە ڕوخساری مندا
سەردەستی کراسم هەڵدەدەمەوە و سەیری گوڵی بێباکیی دەکەم هەوای
دەوروبەرم پێدەبێ لە لێدانی دڵ تەواوی قسەی دڵی خۆمی پێدەڵێم و
بە قسەی دڵ دەگەم
ئەگەر شێر بمخوا
ڕووناکی دەمارم لە ناوچەوانی لێدەدا
ناسینەوەی هێلانەی بەرزی بەچکە نەڕێشتوو ئاسانە
ئەگەریش چەقەڵی خۆڕاویش بمخوات
ڕووناکی دەمارم لە ناوچەوانی خاودەبێتەوە
چاو لە شوێنی نامێدا
وزەی ڕەوانبێژی وەردەگرێ و جیهان لەسەر شانی ئەم ناخاتە جێگای
ئەو
مەیسوورێنە
هەزارویەك سووڵی ژیان لە سادەیی دوانت دەخەمڕێن و دەردەکەون
هەوێنی دڵ بگرەوە و جریوە و جووکەی دڵ ئاوازکی درژخایەنە
گەڵەکی قسەنەستەق داوات لێدەکا بچیتە ناوی و چەتری هەڵدەی
شکۆی سروشت بخەیتە پاڵ یەك
نالی و
گۆران و
ئەنوەر قادر محەمەد
خەونی نێبەرن لە گیانە بەهێزەکان ڕسکاون
هەموو شتێکیان بینی بیانکوژەڕ
شەو و ڕۆژ وەك یەکیان لێدێ
لێکەت نەخستووەتە گەرووی گۆرانیبێژی حازانەوە
شاعیری
هەستاوەی سەر کلك و
فەرهەنگ هەڵوەشاوە و
قەڵەڕەشی لەناو کتاو دان بێ ڕەنگراو و
هەواڵدەری ئەشکەوتی دڵندان
لە کاتی کۆنووشدا وشەکانی چەپڵك لە سەریان درا و منداڵدانیان
کەوت

پاشان پاداشتەکانی وەك بەردی مردە و ئەسپی تۆرخۆن بەسەر یەکەوە ژمارد
***
دووبارە سەیری گوڵی بۆباکیی دەکەمەوە
خاوەنی ماڵکی گەورەیە
بەرهەیوانی کتێبکە بە ئاگایی کات دڵەکانی تۆماردەکا
زەوی لە شیعر لەدایکبوو
***
گەرمایی پەڕە خۆنراوەکان بەسەر سەرمەوەن
تاسەی خودا دادەبەزێننە سەر زەوی
نزیك شاری تازە دروستکراو ڕوخساری بووە کێگەی گەردوونیی
ژاژە لێ و شەژاوەکانی باشکردین چاوی ڕەشەبای تێدا هەناکا و
بازاڕی کۆیلەفرۆشانی لێنییە
گای پەرکەمگرتووش لە جێی کەڵەباب ناخوێنێ
***
خانەخوێی ڕووناکی داوای پێوانەی هێزی چاوی سەمەندەری لێکردم
کوا
خانەخوێی ڕووناکی داوای لێکردم کلیل لە ماڵەکەی بسووڕێنم
کوا
خانەخوێی ڕووناکی ئاگاداری کردمەوە لە چاوتروکانێکی ناکاو ئاسك
بە درەوشاوەیی دەبینم
کوا
خانەخوێی ڕووناکی فەرمووی پشووی تاهەتایی لێکردم
کوا
بڕوانە کوا دەردەکەوێ و ڕادەپەڕێ
ئەفسانەیەك لەبارەی پەیامبەریی و پێشبینی دەگێڕتەوە
زەوی لەخۆبایی نەبووە

ئاداری 2021 هەولێر

سیما و ساڵەکان لە پێ پیرۆزەوە

1

لەگەڵ ئەستێرە بیردەکاتەوە و لە مەی سوورەوە دێ
سەرلەنوێ سەیری بای سەرپەنجەرە دەکەمەوە
لە کۆتایی ڕێگا دانیشتووم و سێاو وەردەگرمەوە
چاوم ماندوو نییە بە زێربینی

***

بواری یەکەم زەوان بوون تێدا لە بەیانیی خەمشی و مانگی نیوەگیان نامێنتەوە

*

بواری دووەم ووەکەکانی خوداوەند سەبەری دیکتاتۆر نەیهێشت چیا خەونی شەهیدانمان پێبدات

*

بواری سێیەم خەون وا خۆی گۆڕایەوە گوڵم لە بۆئاگایی نەچنیوە و نەخنی گەشەکردنم درەوشاندەوە

*

بواری چوارەم شەی چل ساڵە نوێژی دنیایی خۆی دووگوردی بە هەبژاردم و دەستی لەسەر ناوچەوانم دانا

*

بواری پێنجەم مردوویەك ئاگای لە هەمووانە مانگی هەاتوو سواری ئەسپی بە پەمێ شەردراو بوویمە جەم بهیڵە

*

بواری شەشەم سەد و یەکشەوە باێندەیەکی تازەفێ چووە ناو دەوجامە ئاسمان دوای ئاسمان بۆنی ئاگرکەوتنەوەی کرد

*

بواری حەوتەم ساڵی سفر
لە کاتی کۆنم ەوانی و گەمارۆی شارە نوێیەکانم شکاند

*

بواری هەشتەم سروودی زەوی
جارێك لە جاران لە ماڵی درەختێك تاسەم پشووی دا

*

بواری نۆیەم حەزدەکەم ئەوەندە بژیم
من و قەزاخە لە بینینێك چاومان تروکا و بۆنی مۆمی سووتاومان کرد

*

بواری دەیەم دواکەوتن لە کەشتیی نووح گەیشتن ئەستێرەی تاریك نەکردم و بە تەنیا ەام نەکرد

*

بواری یازدەیەم بەها و هەڵەی پێشبینییەکان
گەرمایی گۆناى چیا مۆن بوو

*

بواری دوازدەیەم سەرەتا وشە بوو
شەپۆلی هەچوو لێی دام لە ژووری سارد و نزم هەنگاوم نەنا

*

ەبواری سەرزەیەم سەرزەمینی هەموو ناوەکان
بە هەمنیی لە هەموویان دوورکەوتمەوە و تەنیاییم لە پشت سەبەر
نەگەا

2

ئەسپی ناە پەلکەزێینەیی بە مانگم گوتووە تاریکی درێژەناکێشە
دەرکەوە
کەمەك وێنە سەبەری ئەییوبن بە دیواری ژوورەکەمەوە
ئەوەی گوتیان تەمەنی نەمریی و حیکمەت بوو
پەردەی گوم بووە تەمار و پشانگای نایاب
پە پیرز لە ی دیداری وخسار ووناك لە قاپکی قو میوەی لەسەر
دەستی اگرتووە
خودایە نهنی وخسار ئاشکرابکە
د خی شەراب لە جام دەکا
خومار لە خەو هەدەستن و لە خیان ووناك دەبنەوە بە بەرچاوی
بەرچاوتەنگان لە شەقامی لمە تدەپەن بنی هەویری هەاتە لە
دارەبازەم هەدەست
بەرەو شونی کوشتن و دەرکەوتنم هەمگرن
لە ئستادا هەموو شتك درێژەبتەوە
درەختیش زوو کەوتە سەبەرگرتن
لە شونك وەستاوم ئاگاییم لەبارەی هەورەوە هەیە
باندەی ناو بای سەر پەنجەرە با و ئاسمانی کەوتە لام
هاتە ناو نابیناکانەوە
باوەشمان تکوەرینا و بیرمان لە بینایی و بینین کردەوە
ئەوانەی لە شەقامی لمە پەیونەتەوە سەیرمان دەکەن
لە چاوی چیای بەکەەکوی گەرمترن بینین خی بتاوانە سزای
بینینکی تر نییە

تشرینی یەکەمی 2021 هەولر

سپی بەرەو ەش

بە دشتکی ناسراودا دچووم بەختیاریی بەئاگا بهنمەوە
ک نان و ئاو لم دست و ئو دستی دانراو
برازی لموزشی شرپنج گای پ گیم
من بە گای سبووری و خوتی ئەزبەرکردنی دروود دچم
ئویش بو گایە د

لە شینایی دەریاوە ڕۆگای بە هاتووە
تەکەڵی بایەک دەبین
خەون و بیرەوەری شەدارکردووین
وا نزیکە ببیینە نەبینراو
چی ما بۆ لەوی گەرم ماچی بکەم
ماسییەکم زمان گران
فێ دراومەتە بەردەڵانک کەس بۆلایدا ناچێ
ڕووکان دەبینی
خەتە جووتەکەی کەنات
شیری گوڵگەنمی لەناو لەپی منداڵانمان ماوەتەوە
شاعیرەکم مانگ لارەمل و پڕووکەوتوو
سەبەری لەڵی بەهیوایی گەمارۆی داوم
شیعر ئەی مانگەشەوی بەهەز و بریننی سپی بە ناوچەوانی نزاکانمەوە
شیری دایکی خودام خواردووە بۆیستم مەکە
دەم لەناو دەستم داناوە
کاروانیشی بەسەر زەویدا دەڕوا
زەنگوڵەی ماندووە
خەری ئێوارە بەسەر ماڵەکەمدا دەڕوا و لانادا
تشرینی دووەمی ٢٠٢١ هەولێر

بەکەتایهێنان بەگۆشەگیری بەرز ئەجەلان و دەمیرتاش.. گۆشتیار مەحمود

(تکانامە)کەم گەیاندە کۆشکی سپی و کۆنگرەسی وڵاتی ئەمریکا.

گۆشتیار مەحمود

کۆشکی سپی وەک دەوترێت بارگای بەهەزترین سەرۆک لەجیهاندا، چاوگی کەتابریار بۆ دیاریکردنی مەودای سنوری دەسەڵات و چارەنوسی چەندین دەوڵەت. بەگومان چارەنوسی سنووری کوردستانی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەندە بەچارەنوسی نەخشەی چواردەوڵەتی داگیرکەر، ئەو

نەخشەیەی کە دەکەوێتە چەقی مەیدانی یەکلاکەرەوەی چارەنوسی ململانێیی خوێنی سولتانی عوسمانی و خەیاڵی هیلاڵی شیعی لەکیشوەری ئاسیا. بەیەکلاکردنەوەی بڕیاری کۆتای ئەم پرسەش گەلانەوەیە بەچاوگی دەسەڵات ئاویش کەشکی سپی یە لەکاتێکدا هەرئەم شوێنەیە بەرژەوەندی سەدان ساڵەی داهاتوی وڵاتی ئەمریکا مسۆگەردەکات.

بەیە بنکەڵکردنی کەشەی نێتاوەی کورد لەرۆژهەڵاتی ناوەراست بەشێکی دانبەداوە بە گەلانکاری ریشەیی لەسەر هاوکێشەی سیاسی ناوچەکە و دروستکردنی کاریگەری راستەوخۆ بەسەر چارەنوسی چوار دەوڵەت. لەئەگەری رودانی هەر گۆرانکاریەک لەنەخشەکەدا لەژێر سێبەری بڕەوی ئابووری سیاسی و هێزی ئاینی و کاریگەری سیاسەتی جیۆپۆلەتیک بەرژەوەندی چەندین دەوڵەت دەکەوێتە مەترسی و دەبێتە پوکانەوە و سرینەوەی هێزی بریار لەدارشتنەوەی نەخشەی داهاتوودا.

لەم سەردەمە دەوڵەتداری لەدوای کاری لەبیکردن بۆئامانجی پێشینەی سیاسی و لەپال سێبەری گرێبەستی ئابوریدا بەرەودایەکی گەور لە بڕەوبردنی دەوڵەت داگیرکەرەکات، بەدیوەکتر زەرجار دیاردەی خۆپیشاندان و شەرەزارکردنی دەوڵەت پێوەست بەچەند پرسێک رەنگە ئامرازێکی سەردەمیانەی نانەوەی پشێوی ئەمنی و چەکێکی بەهێزی دەستی نێیارانبێت بۆئاوەی کاریگەری راستەوخۆ لەسەربریارە سیاسیەکان دروستبکەن. لەهەندێک ووڵات فشاری سۆشیال میدیا ڕۆگایەکی تر بەدەربڕینی پشتگیری یان پیشاندانی ناڕازای و کاردانەوەی رای شەقام بۆ داواکاری خزمەتگوزاری و ماف و ئازادیەکانی هاوڵاتیبوون بۆئاوەی جوڵیەکی سیاسی توند لەژێرناوی دروستکردنی رای گشتی حکومەت ناچاربکرێت لە دەخێکی نائاسی شڵەژاندا داواکاریەکان جێبەجێبکات.

تائێستا دەخی کورد لەکوردستانی گۆرە لەگەل ئۆکرانەوەیی لەدونیای دەرەوە دەستبەربوە مافی هاوڵاتی کوردبون و دەخی خراپی ژیان و مەرگی ئازادی لەئاستێکی مەترسیدار لەچوارچێوەی زیندانێکی گەورە وێنادەکرێت، هاوەدان بە چارەسەری دەخی کورد لە پاچەکانی کوردستان کە بەهەی کوردبوونەوە لەناودەبرێن مەژویەکی درێژی هەیە ، مەدەلی زیندانی سیاسی بە سزادانی مافی کوردبون لەژێرپۆتی سەدارەو کۆتوبەندی کونجی زیندان پێیامێکی ترساندن و تەقاندنی دوژمنانی کوردە تاوەکو ئیستالەو وڵاتانە حوکمی سەرکوتکردن پیادەکرێت، هەموە جوڵەیەکی سیاسی لەژێرناوی تێکدانی ئاسایشی نیشتیمانی دوچاری سزایەکی سەخت دەبێتەوە و سەرکوتدەکرێت.

خشبەختانە، رۆژێکی بەرچاو لەنێتۆی کوردی لەو وڵاتانانە دۆژین کە دادپەروەری وئازادی و دیموکراسی و مافی نێتۆ و هاوڵاتیبوون لەپێشینەی کاری دەوڵەتداریە ، بەسود وەرگرتن لەم دەخە وەک هاولاتیەکی دانیشتوی ولاتی کەنەدا کە هاوسنور و دراوسێ ی ووڵاتی ئەمریکا، لە (تکانامە) یەکدا وەک ئەرکەکی نۆژادی کوردبونم، نامەی داواکاریم بە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد گەیاندە لایەنی پەیوەندیدار لە کەشکی سپی..

ئاراستەکردنی ئەم تکانامەیە بە لایەنی پەیوەندیدار، بەئامانجی خستنەروی پاکتاوی ڕەگەزی کورد لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست و تایبەتر ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی لە ڕۆژهەڵات و باکوری کوردستان بووە. بە ئەم دەخەی کورد، پێشنیاز و پەیامی چارەسەری ئاشتیانە بە هەوێنی کەشکی ئارام وفەراهمکردنی ئازادی ماف و ژیانی گەلان لەباکوری کوردستان بگومان ئازادکردنی بەرزان (عەبدولا ئۆجەلان و سەلاحەدین دەمیرتاش)ە تاکەرەگای چارەسەری ئاشتیانەیە و پەویستیەکی زەووڕە دەبێت پەلەی لێبکرێت. بیرکەی شکستخواردووی ناحەزانی کورد کەلە زیندانیکردنی شەشگەانی کورد خێدەبینێتۆە، پەویستە لەرەگای فشارەکی یاسای و سەردەمیانە کەشەی کورد بەدونیای دەرەوە بیانبکرێت، کە کلیلی چارەسەری کەشەی کورد لە پێتی سەدارەو کونجی زیندانەوە بگەردرێت بگفتوگەی ئاشتی وئازادکردنی شەرشگەرانی کورد لەزیندان. بەخێیایی هەنانەدی ئەو خەونەی کە دەگوترێت ئەگەر هەرهەوەکەی ئاشتیانە لەناوچەکەدا سەربگرێت ،سەرەنجام لەئایندەیەکی نزیکدا دەکرێت کوردوتورک وەکو دوو نێتۆە و دوو زمان و دوو کلتور بەئاشتی لەژەردەستورەکی پەشکوتوو پەکەوە برایانەو سەردەمیانەبژین...

ئەگەر چی ڕەنگە تکانامەیەک لەناو هەرای ئەم هەموو زولم و ستەمەی لەکورد دەکرێت تەنها هەندەی مەشخەلی ووشەیەک لە ناخی کوردەکی زیندانی سیاسی دابگیرسێت، کە هەژانە بەبەرچاوی هەموو دونیاوە هەزاران ووشە بەسەر دیواری کونجی زیندانەوە کەک بە مەرگی ئازادی ئەگەرن. بەرپرسیاریەتی سەرشانی هەرکوردەکی خاوەن هەوەستە هەندەسەختە لەهەر شوێنەکی ئەم جیهانەبژی نووسراوی سەرلاپەڕەی ڕۆژهەری مانگ و ساڵی کوردی پێن لەهەزاران داستان و بیرەوەری ناخهۆژن، پەویستە لەیادنەکرێن و لەسەر مەزی کەشک و تەلاری بەندگەی دەسەاتی زلهێزکان بنوسرێنەوە. لەبیرمابێت ئەمرۆ ڕۆژگارەکە ڕەی کاروانی قوربانیدانی نێتۆیی کورد هاوشانی گەلانی دونیا بەرزگاربوون لەژەردەستەیی پەویستە چیرەکە تراژیدیاو

جینۆساید و مەرگەکارەساتەکانی لەشۆنی پێوەندار تەماربکرێن و بناسرێنەوە کە کورد رووبارێک خوێنی ڕشتووە و خاوەنی هەزارەها شەهیدە، کەهەر دڵۆپێک لەخوێنی ڕژاوی شەهیدێک لە گەرستانی خوونی ئازادی بە هەزاران خوون و ئاواتەوە چەتۆڕگە و ناونیشانی سەرکەلی مەزارگەکان لە ولاتێکی بێناسنامە ڕێگای هەزاران دایکشەهیدی جگەرسوتاون.

لەدونیای ئەمڕدا بەسود وەرگرتن لەئازموونی سەرکەوتنی نەتەوەکانی تری ستەمدیدە، ناردنی پەیام و تکانامەکان بە بە بارەگای وەاتێکی زلهێزی جیهان لەچوارچێوەی چالاکی مەدەنی، بەومانایەی ئەمە تەنها ڕێگاراستەکەیە کاتێک ووشەکانی لە نوکی پێنووسەکەوە ئێبنە تیرێک ئاراستەی دڵی داگیرکەر دەکرێن! بەئێوەی ڕێنگدانەوەی مانایەک لەفەرهەنگی نەژادی کوردبوون و دیدگایەک لە پاکتاوی ڕەگەزی نەتەوەیەک پیشانی دونیای دەرەوەبدرێت، وێنەی ڕاستەقینەی داگیرکەرانە کاتێک بەسەربرنی ئازادی و لەناوبردنی ڕووناکی، چرایەک زیندانی دەکەن کە بەهەمیشە خەیاڵیان وایە زیندانێکی تاریک پێویستە جێگای کوشتنی ڕووناکی بێت، بە ئاگا لەوەی ئەوانەی لەچواردیواڵکی تاریک چرایەک زیندانی دەکەن سەرەنجام ئەوەی قەدەکرێت لەناوبردنی تاریکیەکەیە نەوەک گەی ڕوناکیەکە، وەک م.زارا محەمەدی لەپێشوازی زیندان لەشاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گووتی (قور بەسەر ئەوەی هیوای بەبەندیخانەیە)…

لەم ڕۆژگارەدا بەرەوی سیاسەتی زیندانی سیاسی کەهاولاتیانی کورد لەسەر مافی کوردبوون لە پارچەکانی کوردستانی گەورە ڕوبەرودبنەوە. بەشێکی هەکارەکەی دەگەڕێتەوە بە پێوەنەوکردنی نەریتی ئەو سیاسەتە ترسناکەی لەژێرناوی گوڵایەلی وەلی ئەمر و قبولکردنی وەزیفەی عەبدی مەئمور پێوەندیەکان لەناو کوردستان لەگەل دوو ولاتی هاوسێ بنیاتنراون و لەلایەن دارودەستەی نەتەوەهاوسێیەکانیشەوە ئەم سیاسەتە چەوتە لەسەربنەمای پشتگیری لەپەست و بژێوەندی بازرگانیکردن بەخاک و نیشتیمان دارژراوە و درێژەی پێدراوە، بەمەرامی چەواشەکاری و شەواندنی ڕاستیەکان وەک ئامرازێک وکارتێکی فشار هەرکاتێک دوژمنان بیانەوێت لەشوێنی بەمبێکی قورمیشکراو دەبنە پاساوانی سیناریۆکان و ڕاڵیان پێدەسپێرن و بەکاریاندەهێنن. لێرەدا درێژدان بە شکاندنی کەرامەتی تاکی کورد لەژێرهەربیانوێک لەهەر پارچەیەکی کوردستان ،بەداخەوە ئامانج لێی مەدڵێکی سیاسی گونجاوە بە درێژدان بەکەتوبەندکردنی نەتەوەی کورد ناراستەوخۆ بەدەستی

نەتەوەهاوسەکانی.

مێژووی ئەم نەریتە سیاسیە لەناو خوێنی کوردا کۆنە، لەسەردەمی میرنیشین و ئاغا و شێخ و بگەوە درێژبۆتەوە تا دەگاتە سەردەمی روخانی رژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣ بەتەواوی وەک مۆدێلیکی سیاسی جێبەجێکرا، بەشێوەیەک بەمانەوە و پارێزگاری کردن لەداردەستەی و نزیکی بگانە و کاری سیخوری و رادەستکردنەوەی شۆرشگێران بەدوژمنانی کورد بەکارهاتوون. ئەشمەی ئەم سیاسەتە ترسناکە لەدەستی فارس و تورکەوە چاودێریکراوە. چونکە داگیرکەران کاتێک دنیابوون بڕیارێکی ترسناکە (صدام حسین) کەتایهات، ئەوەی لەزمانی سەدام بیاندەکرا لەدوای سەدام بەیانوی تورکمان و حوسێنیەکان، دەخی ناوخۆی ئیراق کرایە شوێنی یەکلاکەرەوەی ململانێی ساخکردنەوەی بڕوای هێزی دەسەلات لەنێوان ئیران و تورکیا.

پڕەسەندنی دەستی دڕێکی لەناوەندی ئیراق و باشوری کوردستان بە دروستکردنی چەند کەپیەک لەوانی ئەمر بەدەسەلاتی عەبدی مەئمور لەپەستی بڕز بە جێبەجێکردنی پیلانگێڕی داگیرکەران تەدهات زیاتربوو، بەماوەیەکی درێژ فارسوتورکەکان سەرکەوتوانە لەسەر ڕچکەی ئەم نەریتە سیاسیە نیازگاوەکانیان پێکا. ئەگەر بگەڕێینەوە بەمێژووی دکتاتۆری ڕژێمی بەعس، زۆمانێک بوو پشمەرگە بەموخەریب تاوانباردەکرا، ئێستا لەتەرمەکی مەدەرن بەشاهێدی کورد گەریلا بەتیرڕست تاوانبارەکرێت. هەندێک لەو پارتەکوردیانەی ئیستا سیمای حوکمرانی کوردین لەباشور پشتر لەدونیای دڕەوە لەلیستی ڕەش ناونوسکرابون، بەڵام بەدرێژای ئەم چەندسالەی دەسەلاتی کوردی لە کوردستان هەرکاتێک روبڕوی دەخێکی سیاسی نالەبارکرابێتەوە لەپال تەسفیەحیساباتی دووجەمسەری دەسەلاتی دڕەکی هاولاتیان لەژێر پیلانی مسۆگەرکردنی سەبڕی دەسەلاتی دوو ولاتی داگیرکەر قوربانیانداوە. لەکۆتایدا هەژمونی دەسەلاتی بگانە بەسەر کوردستانی باشور شێوەیەوە بە بەتاڵانبردنی خڕوبڕی نیشتیمان لەچنگی دوو ولاتە دراوسێیەکە، لەبڕامبەردا بەبڕنامە و پیلانی تەکمە هاوەدراوە کوردستان لەڕوی ساسی لەژێرکاریگەری سیاسەتی وولاتانی دڕەکی و ناوندکی ساخکردنەوەی کالای بەسەرچوو ماددەهشبڕکان بێت.

چارەسەری ڕیشەیی بە بینی دەستی دڕەکی و دڕچون لەم دەخەتالەزە ، ئەنگە چەندین ساڵیتری پێویستبێت تاوەکو وەک بڕپرسیاریەتیەکی مێژوویی لەچواچەوەی دروستکردنی رای گشتی شۆقام ئاخاتژێرپرسیارەوە، هەرکاتێک لەهەناوی کەمەگا فشارێکی مەدەنی

خەرسک بۆئاراستەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵانی خەڵک دروستبوو، سنووری داواکاریەکان فراکسیۆنی پارتەکوردیەکانی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی ئیراقی تێپەراند، بەرێیەکی بەهێزی پەرلەمانی بەرەکەوتن لەسەر چەند خاڵکی هاوبەش ، دووریە دەستوەردانی دەرەکی و پاراستنی شکۆی سیادەی دەوڵەت و گیانی هاولاتیانی گوندو دێهاتەکانی سەر سنوور کاری لەپێشینەی هاوپەیمانیەتەکە بەت .بەمش دووریە بەهاوکاری هاوپەیمانان سەرتایەک بۆ بیرکردنەوە لەدەستپێکردنی پرسەی ئاشتی لەباکوری کوردستان چارسەری ئیشیبەت. بەگومان ئەم هەنگاوە چارسەرکی ئیشێیی سەردەمیانیە بۆئاوەی کورد لەرگای پێشینەی قۆناخی لەبیکردن کۆشەی نەتەوەکەی لەرژهەلاتی ناوەراست بگۆنەتە ترپکی ئامانج. هیوای قەدەری ئستەرەی بەختی ئەم نەتەوە ستەمدیدە ئگەر لەهەوری ڕەشی خیانەت رزگاریبەت، و پێشئاوەی بۆ چارسەری ئیشێی ئاراستەی سیاسی کۆشکی سپی و کۆنگرەسی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتوەکان و یەکەتی ئەروپا لە بەرژەوەندی کورد بریارە چارنوسسازەکان یەکلابکاتەوە، دەبەت شەرپەنجەی دەستی خیانەت لەناو خوێنی کورد ئیشکۆش بکرەت!

کورد و نەفرەتی جوگرافیا یاملهەی و ناکۆکی.. ڕسوا بەسکێنی

کورد نەتەوەیەکی ئازا و قارەمان و نەبەردە، بەدرێژایی مێژوو دراوسێکانی بەئازا و شەکەر ناویان بردوون، تەنانەت زربەی گەیدە و ڕۆژهەاتناسەکانیش لەمەڕ ئازایی و قارەمانی و سوارچاکی، گەواهی ئەوە دەدەن، کە کورد گەلێکی ئازا و شەکەرن و سەر بە هیچ کەس دانانەوێنن، شەرفخانی بدلیسی دەربارەی ئاکاری کورد دەڵێت: کورد گەلێکی ئازا و قارەمانن و سەر بە کەس ناچەمێنن، شکۆمەندی نەفسیان بەرزە و بە بژێوی ژیان دەست لەکەس پان ناکەنەوە، کورد ئەگەر باری ئابووری خراپ بوو، پێی باشترە زوڵم لەخەڵک بکات، وەک ئەوەی دەست لە خەڵک پان بکاتەوە، لەبەر ئەوە هەر کات برسی بوو،

دەست دەداتە چەکەکەی و دەچێت بە زەر نان لەخەك دەستێنێت، بەڵام بەلایەوە شەرمە سواڵ بکات و دەست لەبەر خەڵك پان بکاتەوە، کوردەکان ئۆگەر ئاکارێکی ناپەسندیان هەبێت، هەر ئەوەندە کەسیان سەر بە کەسیان ناچەمێنێت و بە یەکتر نایێنێ بەرکەمێند و هەروەك تاکە تاکێ هەر کەسێ بیر لەسەربەرزی خۆی دەکاتەوە، بۆتکەایی بیر لەسەربەندی تکەایی ناکەن و پشتی یەکتر ناگرن و نابنەیەك. دەربارەی ئەم ئاکارە نالەبارەیانەوە مامۆستا (مەلا سعدالدین) فەرکاری سوێتان مرادخانی عوسمانی بووە، لەناو مێژووە تورکییەکەیدا کە بە عوسمانیانی داناوە، لەمەڕ کوردیشەوە دواوە، دەڵێت: هەموو کوردێك بە خۆی سەربەخۆیەکە و ئاڵای ملهوڕی و زەرداری بەرزکردەتەوە و لەناو ئەو شاخ و کێواندا بەسەربەستی دەژی، ئۆگەر سەرنج بدەینێ باری یەکدی گیری و هاوبیری و هاوکاریانەوە، تەنیا لەشادە و ئیمان هێناندا نەبێت، لەهیچ شتی تردا یەکناگرنەوە.

مرۆی کورد هەر لەو کاتەوەی خۆی دەناسێت و هەست بەچاکە و خراپە دەکات، خۆی بەمەزن دەزانێت، حەز دەکات پێی بووترێت قارەمان و ئازا و شەکەر، هەر ئەو هەستەشی وای لێ کردووە، لەبەرامبەر نەیار و دوژمنەکەیدا چالاك و زەبر وەشێن بێت، ئەو هەستەی وای کردووە زەر لەخۆی ڕازیە و خۆی زەر پێ لەتورك و عەرەب و فارس باشتر و پیرۆز تربێت، لەئەنجامدا ئەوە ویستی ملهوڕی و توند و تیژی و شەڕانگیزیە.
میر شەرەفخان و سەیدا ئەحمەدی خانی تاوانی یەك نەگرتن و لەك دووریمان دەخەنە سەر ملهوڕی و لاساری و دەمار ئەستوریمان، پەروەردەکرانی هەزار ساڵەمان دەڵێ چاڵەی خستوین و ئەوەی پێ کردووین کە کردوویە، و چاوبەستن و گزی کاری بەدکار و نالەباران بەو دەردەی بردووین.ئەوەندەی چۆی شاخ و چیا و کەژ و زۆری خۆی ووبارەکانمان، وەك دەڵێن نەفرەتی جوگرافیا بونەتە لەمپەر و بەرگری بەیەك نەگەیشتن و تێك نەگەیشتنمان، سەد ئەوەندە و زیاتریش بەندوباوی پێ تەفرەو ژەهراوی برایانی دەم گەرم و دەسبێ و ئاشنایەتی بەدیمەن جوان و بن شۆ، ئەو پەندەیان پێ داوین و لەو بەند و داوەدا شەتەك دراوین و تائێستاش هەر بەدیلی و خاکەساری ماوینەوە.

ئەو ڕەفتار و داب و نەریتانەی ئاماژەمان پێدان کەمەڵك هۆکاری کەمەڵایەتی و سروشتی و جوگرافی هەن کار لە ڕەفتار و سروشت و دابوونەریتی گەلان و ڕواڵەتی ژیانیان دەکەن، گەلی کوردیش یەکێکە

لەو گەلانە، هەڵکەوتەی نیشتمانەکەی لەنێوان دوژمنە دەڕەش و سەرختەکان دەورە دراوە، جگەلەوەش چیا بەرزەکان و دەشتە بەرینەکان و دۆڵە قوڵەکان و ڕووبار و ڕێچکە دژوارەکان و ئاوهەواکەی وای کردووە وازی جەنگ و یاخی بوونیان هەبێت، توژەرێك ئاماژە بەوە دەکات سەربەفڕان بوون (التبعیە) بەکردەوە لای ژمارەیەکی زۆر لە خێڵە کوردییەکان نادۆزێتەوە، شەرەفخان ئەم سیفەتەی لە واقیعدا بەرجەستەکرد لە کتێبەکەی، بابەتی کتێبەکەی تایبەتمەندە بە وردەکاری ئەم ناکۆکی و ململانێیانە، شەڕ ئەو مێتەکەیەی وازی لە مژووی کورد نەهێناوە، بەدرێژایی چاخ و سەردەمەکان یەخەی کوردی گرتووە و کەنەفت و ماوەرانی کردووە، تا ئەو ڕادەی لەبەرامبەردا وتراوە: (چۆن کورد و چیا لەیەك جیانابنەوە چەك یان کوشتار و کوردیش لەیەك جیانابنەوە) هەر دەبێ زۆر هۆکار و هێ هەبن کێبووبنەوە، بێ ئەوەی وا بکەن کورد وازو و ئاراستەی بەرەو کوشتار و جەنگی بەردەوامەوە بێت، هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەتەك هۆکاری ناوخۆیی هەروەها سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر بەکورد هۆیەك بووە لە هۆیەکان، هەموو ئەو هۆزانەی کوردستانیان داگیر کردووە، نیازیان پاك نەبووە، بەرامبەر بەکورد تەنیا مەبەستیان هێنانەدی ئامانج و بەرژەوەندییەکانیان و بن پێ خستنی مافەکانی کورد بووە، لەبەر ئەم هۆیە کوردان تێکۆشان و بەچۆی وەڵامی ئەم خاڵەیان داوەتەوە.

سەبارەت بەجیاجیایی پەرت و بڵاوی و یەك نەگرتن، لەنێو کوردا نەیاری و ناکۆکی و ڕکابەرایەتی بەتوندی هەیە، عەمری ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:" کوردان خەڵکێکی زۆرن و لەژمارە نایەن، گەر شمشێری ناکۆکی و شەڕەنگێزی نەبووایە، کەبەئاگاکەیان دەیاندروێتەوە و خەوتووەکەیان بەئاگادێنێت، وڵاتانیان دادەگرت، وا باسیان دەکرێت، خاوەن ڕای جیاجیا و یەك ڕا و وشەنین، ئەم ناکۆکیە لەنێواندا شمشێرکی لەکالان دەرهاتووە و خوێنشتنی بەردەوام و بێ سیستەمی باو" هەتا شەرفخانیش ئەم سیفەتەی لەزۆر شوێندا دووپات کردۆتەوە، لەکتێبە نایابەکەی(شەرەفنامە)دا دەڵێت:" کورد لەسەر ناکۆکی و دووبەرەکی ئەفرێندراون، پشتی یەك ناگرن و گوڕایەڵی یەکترنین، پەیوەستی یەکێتی و ڕێککەوتنیان نییە"، سەرەڕای ئەوەی دەقێك لەمژوونووسی تورکی سەعدەدین خواجە دەگوازێتەوە، کە ئەم سیفەتە باس دەکات و دەڵێت: "کورد خاوەن ڕای سەرەڕۆن، هەریەکەیان هەر بێ خێیەتی.. لەسەر هیچ شت یەك ڕانین، جگەلە وشەی شادە نەبێت)، فرەزان ئیدریسی بەدلیسی لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئەم میرانە ژمارەیان زۆرە، خۆیست و خۆخوازن، گوێ ڕایەڵی یەکترنین".

سەرەای ملهوڕی و خۆخۆری کورد، سروشتی وڵاتەکەی، هۆکارێکی تر لەنەفرەتی جوگرافیا هەڵکەوتەی نیشتمانی کوردە، لەنێوان زلهێزەکاندا، بەدرێژایی مێژوو خاکی کورد گۆڕەپانی شەڕی نێوان زلهێزەکان بووە، شەڕی گەورەی نێوان فارس و عەرەبە موسڵمانەکان لەسەر خاکی کورد بوو، شەڕی دوور و درێژی فارس و ڕۆمەکان و دواتر ئیسلام لە کۆندا مەیدانی جەنگەکە خاکی کوردستان بوو، تەنانەت لەشەڕێکدا ئەسکەندەری مەکدۆنی لەسەرخاکی کورد کۆتایی بەدەسەڵاتی دارای پاشای فارس هێنا، گۆڕەپانی نێوان فارس و عوسمانییەکان بۆگومان خاکی کوردستان بوو، تەنانەت سوتەمەنی ماکینەی شەڕەکانیش بە لایەنی ماڵی و گیانی کورد تەواو دەبوو، هەر ئەوەش بووە هۆی لەت لەتکردن و دابەش کردنی خاکەکەی.

هەموو ئەو جەنگە دوور و درێژانە گەلی کوردیان ماندووکرد و نەیتوانی بپەژێتەسەر ئەوەی بیر لە داهاتووی خۆی و ڕزگارکردنی نیشتمانەکەی بکاتەوە، سەرەای ئەوەش باڵادەستی بۆگانە وای کردووە هەمیشە کەلتووری نەتەوەی سەردەست و نەریتەخراپەکانی خۆیان لەخیانەت و درۆ و خەڵەتاندن و بێ متمانەیی و داونانەوە بۆیەکتر بەسەر گەلی کوردا بسەپێنن، بەشێك لەڕۆگای ناچاری و بەشکشیی لە ڕۆگای ماڵ و سامان و دەم چەورکردن، توانیویانە هەر زلهێزەی بەشێك لە گەورە و سەردارانی کورد بخاتە لای خۆی و لەکاتی شەڕی خۆشیاندا کوردەکان بکەن بەگژیەکتردا، ئیتر بەدرێژایی مێژوو دووبارە بوونەوەی ئەمە لەسەر ئەو بارە ڕاهاتوون و بەلایانەوە ئاساییە ململانێ و کەڵەوەکێشی لەگەڵ یەکتربکەن و لەسەر سفرەو خوانی دوژمنەکانیان دابنیشن بەشانازییەوە کێشە و شەڕ و ململانێکانی نێوان خۆیان و یەکتر بێ پەسندی دوژمنەکانیان درێژە پێ بدەن، بۆگومان هەتا لەسەر ئەو ئاکار و نەریتە خراپانە بەردەوام بن، ئەم نەفرەتە بەرکیان بەرنادا و لەکۆیان نابێتەوە، بەڵام ئایا تاکەی کورد وەهاگا دڵن و هێندە هزر و ئاوەز پەیدادەکەن، چیتر بەرژەوەندی خۆیان و وڵاتەکەیان نەکەن بەقوربانی ملهوڕی و ناکۆکی نێوان خۆیان بێ بەرژەوەندی نەیار و دوژمنەکانیان.

ڕۆمان/ ڕۆبنسن کرۆسۆ- نووسینی: دانیێل دیفۆ/ وەرگێڕانی: د. محەمەد عزیز

بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە کلیکی ئێرە بکەن..

ئێران ترسناکترین ئیمپریالیزمە و عێراقی داگیرکردووە.. نووسینی: زێکی ڕەزا.. وەرگێڕانی: ڕەزا شوان

ئێران لە ڕەی هەزار و ڕەشنبیری و مەزهەبییەوە عێراقی داگیرکردووە. داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکییەوە، داگیرکردنێکی ماوە درێژ دەبێت، شوێنەوار و زیانەکانی، لە هەموو شتێ ئیمپریالیزمە نوێ و کۆنەکان زیاترە.
کێشەی گەورەی گەلان، لە ڕووبەڕووبوونەوەی داگیرکردنی ناسەربازی دایە. عێراق لەژێر بازنەی ئیمپریالیزمدا، بە دەستکێشی و چاوپۆشینی ناوخۆیی، بووە بە بازاڕی ساغکردنەوەی بەرهەمکانی ئەمریکی داگیرکەر و وڵاتانی تری ناوچەکە.
دوور لە سەزداری، لەگەڵ لەژیک و ڕوانینێکی بە لایەن لە عێراقی ئەمڕۆدا، دەتوانین ئاوڕ بدەینەوە، کە تا ڕادەیەکی دوور، عێراق لەژێر ئیمپریالیزمێکی چاوچنۆک و دڕندەدا دەناڵێنێت. داگیرکاری ئەمڕۆی عێراق، ئەو داگیرکارە نییە، بەو شێوەیەی کە ناسراوە. داگیرکردنی دەوڵەتێک لە لایەن دەوڵەتێکی ئیمپریالیزمەوە، بە دزینی سامانەکانی، واتا وەک ئیمپریالیزمی کۆن کە کاری بە نیشتەجێکردن لە وڵاتی داگیرکراودا دەکرد و سامانەکانی دەدزی، گۆڕچی ئەم کارە لە عێراقی ئەمڕۆدا، لەکەینەوە هەڵدەگرێت. بەڵام لە ئەمڕۆدا، بوونی ئیمپریالیزم لە عێراقدا، ئیمپریالیزمێکی تازەیە. وەکو ئیمپریالیزمی

ئەوروپی وایە، لە داگیرکردنی دەوڵەتە دواکەوتووەکان لە ئاسیا و ئەفریقادا. بە تایبەتیش لە دوای شەشی پیشەسازیدا، بە دەزینەوەی بازاڕ بە ساغکردنەوەی بڕەمەکانیان. و گەڕان بە دوای کاڵای خاوی هەرزادا. ئەم کارەش بە پرسیار نییە بە لەکەینەوە لە دەخی عێراق.
بەڵام بە درێژایی مێژوو هیچ دەوڵەتکی داگیرکەراو ملکەچ نەبووە. بە شێوەیک لە شێوەکانی بڕگری چەکداری، لە دژی داگیرکەران بڕگریان لە وڵاتەکانیان کردوون. گەلی عێراقیش لە ڕووبەووبوونەوەی بڕیتانیای داگیرکەر دوانەکەوت، لە کاتی شۆرشی (١٩٢٠) دا، بڕگریان لە عێراق کرد. لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) وە. گەلانی عێراق لە خەباتکی نیشتمانیدا، ڕووبەووی ئەمریکای داگیرکەر بوونەوە.
گەر بە مێژووی بڕنگاریکانی گەلاندا بچینەوە، لە ڕووبەووبوونەوەی داگیرکەراندا، سەرهەڵدای چەندین کاروانی قوربانیدان، کەمیان نەدا و لە دواییدا سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانیان. ئەو گەلانەی کە بە هەزاران قوربانییاندا و شارەکانیان کاولکردن، لە پەناوی ئازادیدا، بڕگریان گەل و نیشتمانەکەیان کرد، بە نموونە، گەلی ڤیتنامی لە ڤیتنام دا، لە گرنگترین جەنگدا، کە هەردوو شەڕی هزری و ڕشنبیریە. لەم دوو جەنگدا نەیان دەڕاند. بە کردەوەیی ریگای لە بەردەم سەربەخۆیی بە واڕاکردن، بڕەو بنیاتنانەوەی وڵاتەکەیان هەنگاویان نا.
ئایا عێراقی ئەمڕۆ دەوڵەتکی سەربەخۆیە؟ ڕەمان پەبدەن بە شێوازکی تر ئەم پرسیارە بکەین. ئایا عێراق دەوڵەتکی داگیرکراوە؟
بە تیەڕی لە دووای گرتبەری ڕۆشنبیری چوونە دڕوی هەڵمەتکانی ئەمریکای داگیرکەر لە عێراقدا، عێراق بە دەوڵەتکی سەربەخۆ دادنرێت. ئەندامیشە لە ڕێکخراوە جیاوازکانی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەندامیشە لە ریکخراوە جیاوازکانی دەوڵەتە ناوچەییەکان. بگومان ئەمانە ئاماژەن بە سەربەخۆیی عێراق. بەڵام ئایا بە کرداری عێراق دەوڵەتکی سەربەخۆیە؟ یان هێشتا لژێر حوکمی ئیمپریالیزمدا ـ نک ئیمپریالیزمی ئەمریکی ـ دەناڵێنێت؟
لە میانەی ڕاستیی سیاسی و ناسەقامگیری و لاوازی ئابووری لە عێراقدا و هەرەسهێنانی بەکو لە ڕستیدا تەپینی ژێرخان و دواکەوتنی بڕەهەمهێنان. عێراق لژێر بزەیی ئیمپریالیزم دایە. بە دەستەکەی ناوخەیی، عێراقی کردووە بە بازاڕک بە

ساغکردنەوەی بەرهەمەکانی. ئەم شێوە ئیمپریالیزمە، شێوەیەکە لە شێوەکانی ئیمپریالیزمی تازە. وەکو پێشتر وتمان، لە دوای شەشی پیشەسازیدا
لە ئەورووپا سەری هەڵدا.
گەر ئیرادەیەکی سیاسی هەبێت و بتوانن لە گرێکوێرەکانی رابردوو رزگاریان ببێت، دەکرێت سەرکردە گەلێک کە رێز لە ئیرادە گەلەکەیان بگرن، کە هاوبەستەبوونیان بە یەکێتی هەبێت. بە دڵسۆزیەوە رووبەرووی ئەم شێوە ئیمپریالیزمە ببنەوە.
بەڵام کەشە گەورەکەی گەلان لە رووبەرووبوونەوەی داگیرکەرێکی ناسەربازی نییە، یا بە گواستنەوەی داگیرکارییەکی ناراستەوخۆ. بە تایبەتیش کە داگیرکەران کەرستەیەکی ڕەکخراوەیی هەزری و ڕۆشنبیری و کەمەڵایەتیان لە بڕشەکی عێراقدا هەبێت. لەسەرجەم ولاتیشدا بەسەپێنن. بە بوونی دایەنگەیەکی کومەڵایەتی بە ئەم ڕەکخراوەییە. ئەوە ئەم شێوە ئیمپریالیزمە کە لە ئەمەدا رووبەرووی عێراق بێتەوە. سەرەڕای فاکتەری ئاینی مەزهەبی و نەتەوەیی و گەڵانکاری کە رووبەرووی عێراق بوونەتەوە.
ئێران لە کاتی شەڕی عێراق و ئێراندا، بوونی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی (شیعی) و پێوەندیەکانی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد و ئامانجە نەتەوەییەکانی کوردی، بە شێوەیەک و بە رادەیەکی زەر قوستەوە. تا رادەیەکی دیاریکراویش توانی لە ئەم حیزبانە و جەماورکانیان، تەڵەی هەواگری و سیخوڕی پێکبهێنێت و کار بە بەرژەوەندیەکانی بکەن. لەژێر فەرمانی ئەواندا بن. بە تایبەتیش هەزە شیعییەکان، کە لە دوای داگیرکردنی ئەمریکا، ڕژێمی بەعسی لە دەسەاتدا نەمان. لە سایەی نەزانین و دواکەوتوویی و ناشارەزایی ئەمریکا لە سروشتی پێوەندیە سیاسییەکان و کەمەڵایەتیەکان و ڕۆشنبیریەکان و هەزرییەکان و ئاینییەکان، بە تایبەتیش لە بارەی پێوەندی شیعە مەزهەبەکانی عێراق لەگەڵ ئێراندا. ئێران هەژموونی خۆی سەلماند و لە ڕەی لایەنگیرەکانییەوە لە عێراقدا، بەشایی سیاسی پەکردەوە. هەزە کوردییەکانیش لە بەهێوبردنی عەرقدا، لە میانەی قبوولکردنیان بە پشکایەتی تایفەگەری و نەتەوەیی بە پڕۆژەکەی ئێران رازی بوون. سوننەکانی عێراقیش تامی ئەوەیان چێشت، کە عێراقی ئەمەڕ ببێت بە ژێردەستەی داگیرکەری ئێرانی، لە ڕووە بەیاری سیاسی و پاشکۆی ئابووریەوە. بە بازاکردنی عێراق بە فرۆشتنی کاڵای ئێرانی ولاتانە تری ناوچەکە.
بەڵام ئایا ئەمە گەورەترین مەترسییە کە ڕووبەرووی عێراق و

گەلەکەی بەتاوە؟
مەترسی گەورەی داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئێرانەوە، قورخکردنی بڕیارە سیاسییەکانی ئەمڕۆ نییە، سەرچاوەی مەترسییەکانیان. ترس لە ژمارەی میلیشیاکانیان کە هاوبەستەبوونیان بە ئیران هیچ یان نیانە نییە، کە ناتوانن لە کۆگردی شیعەکان بە چاودێرە ئێران دەربچن. ترس لەوەشدا نییە، کە عێراق بووە بە بازاڕێک بە کاڵا و بەرهەمەکانی ئێران و دەوڵەتانی تری ناوچەکە.
بەڵکو مەترسییە گەورەکە کە لە داگیرکردنی هزری و ڕۆشنبیری و مەزهەبی دایە.
ئێرانی ئەمڕۆ، ڕۆشنبیری ئاینی تایفەگەری بەسەر عێراقدا سەپاندووە. لە میانەی ناوندە ڕۆشنبیری و ئاینی و قوتابخانەکانی کە لە پارێزگاکانی خواروی عێراقدا، کە شارەکانیان شیعەن. بە تایبەتیش لە شاری (بەسرە)ی سنووریدا. هەروەهاش لە لایەن باڵە سەربازییەکان و میلیشیاکانییەوە، لە ناوچەکانی دەوروبەری بەغدا و پارێزگاکانی دیالە و سەلاحەدین و کەرکووکدا، گەڕانکاری دیموگرافی دەکات. بەڵکو لە دەشتی (نەینەوا) شدا دەستی بەسەر ناوچەکانی کریستیانەکاندا گرتووە.
ئاوەشی کردووە و دەیکات، بە ئاسانکاری لە لایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە، بە ئاسانی (ڕۆژنامەی عێراقی) یان بە هەزار گەر زیاتر نەبن، بە شیعەکانی ئیرانییان بەخشیون. ئەمەش لە پێناوی دوو مەبەستدا، یەکەمیان: بە گەڕینی دیموگرافیای عێراق. دووەمیشیان: ئەو ئێرانییانەی کە ڕۆژنامەی عێراقییان وەرگرتووە، سەنگەکی هەڵبژاردن و میلیشیایان هەیە. سیخوڕیش بە ئێران دەکەن. هەروەها دەستیشیان لە ئاژاوەگێڕی و تێکدا هەیە.
لە میانەی داگیرکردنی هزر و ڕۆشنبیری و مەزهەبی عێراق لە لایەن ئێرانەوە، ئیمپریالیزمی ئێرانی لە عێراقدا، بە ئیمپریالیزمێکی درێژخایەن دادەنرێت. شوێنەوارە زیانەکانی، زۆر لە زیانەکانی هەموو شوێنکانی ئیمپریالیزمی تازە و کۆن زۆر زیاترن.
بە ئاوەی عێراق لە کارساتەکانی ئەم ئیمپریالیزمە ڕزگاری بێت، گەلی عێراق پێویستی بە ڕاپەڕینێکی هزری ڕۆشنبیری هەیە. لە سایەی دەسەڵاتێکی ژیر و دەسزدا. لەوانەیە بە ڕزگاربوون لە کاریگەرییەکانی ئەم ئیمپریالیزمە، چەند دەیەیەکی پێبچێت. بە تایبەتیش ڕۆژی هەشیاری زۆر قەتیس

ماوە لە بەردەم بەاووبوونەوەی چەمکی نەزانین و دواکەوتندا، بۆ تایبەتمەش دواکەوتنی ئایینی.
کە ئێران لە رێی نەکەرکانییەوە، بۆ شۆڕیکی بەرنامەڕێژی پاپشتی لەدەکات.

(*) نووسینی: زەکی رەزا .. وەرگێڕانی: رەزا شوان

دەقی ئەم نووسینە لە ڕۆژی (۱۲/ یانوار/۲۰۲۲) لە سایتی (میدل ایست اونلاین) دا
بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوتەوە. بە دەستکاریەکی کەمەوە، وەرمگێراوە بە کوردی
رەزا شوان

سەرنجێک دەربارەی شیعری (شێوە پشیلە)ی نارین ڕەستەم.. سروشت نەوزاد

شیعری (شێوە پشیلە) چارنووسێکی باشی نییە. یەکەمجارەی شیعرێکی کوردی سوریالیانە ببینم بەهەمان تایبەتمەندی شیعری سوریالی: شۆوازی وێناسازی و داشتن، بەگەڕخستنی خەیاڵ و سوریالیبوونی دەق، تەوانین و جیهانبینی.

شێوە پشیلە شیعرێکە زیاد لە مەوداو ئاستێکی هەیە. لە ئاستێکدا جووڵەو دەرکەوتەی شیعرێک دەبینین، وا دەردەکەوێت بە دووی ناسنامەیەکدا بگەڕێت، بەڵام ناشیەوێت هیچ ناسنامەیەکی هەبێت. شاعیر نیگەرانە لە نەگەڕانەوەی (شێوە پشیلە). ئاماژی (شێوە پشیلە) لەڕەدا ئاماژەیەکی ڕوون و یاخیانەیە بە خواستی بەشوناسی و تاکەتی. بەیە نیگەرانیەکە نیگەرانییەکە بە ئەو دەخ و ژینگەیەی کە (شێوە پشیلە) ناخوێنتەوە، هەروەها جیهانبینییەکەی ڕەتدەکاتەوە.

ئاستێکی دیکەی ئەم شیعرە کە ئاماژەکانی کاە دەرکەوتوون، ئاستێکی جێندەریە. واقیعێک دەردەکەوێت بە شۆوازێکی هونەریانە کەشی

جندریی کۆمەڵگای کوردی و لکۆتکانی تەکنۆلۆژیا بە وێنای سەرنجاکێش و زیهنی دەبن.

لەم ئاستەدا سوبکتی شیعری دەبێتە سوبکتکی گۆڕاو کە (لە قاپووتکی دەستی دووەم دەپژمێت) هەمان سوبکتی مێینەو گیروگرفتکانیەتی لە کۆمەڵگایەکی وەهمی و سەلەفی و پاڵیسیدا.

لەرشەدا (شێرکۆ پشیلە) دەبێتە پرسکی ئاڵوزی مبوون، کە فەدراوەتە لەواری زەلکاو، گۆڕەندی وجودی و مرۆیەکەی ون دەبێت و ناگەتەوە.

دیسان لەردا مەسەلەی ناسنامە لە گۆڕدایە:

جیا لەوەی سوبکتی مە وەک گۆڕاوی دووەم (لە قاپووتکی دەستی دووەم/ شیعرک پژمی) پیشان دەدرێت، هاوکات گرفتی ناسنامە و بێناسنامە بوونیشی پرسکی دیکەیە.

بەشوناسی مە لە شیعرکدا گرەدراوی ئەو شوناسیەتی کە لە تەوانینی ئەوی دیکەدا(عەریزەنووسان و ئەرشیفکانیان، پاڵیسانی ژینگەو دارودەستکانیان) هەشتا جنکی لە دەرنکراوە.

بۆتاپیی.. کۆنعان مدحەت

نیوەی تەمەنی بە خوێندن بەسەر بردووم
ملیۆنەها وشە گریاندوومی و
هەزارەهاش
خستومیانەتە کێنین و
قاقا
داخی گرانم
کات وا مەشکی گسک داوم
پەی بە یەک لەو وشانە نابەم ئاستمکانەوە

کەی ئەو دوو کچەی کە
شەخە قژ زەردکەی پشتی تکردم و

کاێ ئەسمەرێ تەگلاوەکەی

- لێ ترس دایکیا –
لێ مابەین دەرگای حەوشێ و پەردەی دەرگادا
شاردمیەوە و خەشی ویستم
دەکاتێ منی؛
شەقشەقەی دەستی تەنیایی

چارەنوسی من و
هەردوو کچێ دڵاو و براوە
هەشووە مژوویەکی وەک نەبوو
یا ئاراستەی میلی کاژێرەکی
یاخی لێ پشو و
دژ بە سوەی پاشە و پاشە

رازەکانی ئەوین و هەناسەکانی دەریا-3-.. تێکست: ستیڤان شەمزینی

رازی سێیەم

ئەی مەرگ لێگەڕێ
با رازەکانی ئەوین بە مانگەشەو باس بکەم
با هەناسەکانی دەریا لێ شەپۆلەکاندا هەڵمژم
با لێ مەیخانەی عەشقدا پەکی توانەوە بنەشم
ئەی مەرگ لێگەڕێ
با گەرانی بێ ئەو گوڵێ بڕەم
لێ ڕەحی یاردا چرەی کردووە
با شیعر بێ ئەو ئەستێرانە بنووسم
وەک پاساری لێ شەوانی تەنهاییمدا دەجریوێنن
با ئەشک بێ ئەو کەترێ سەرگەردانانە بژم
لێ کاروانی عەشق جەمان و

بە دیار وەسوەسەی ئینتیحارەوە سەریان نایەوە

من دزیم لە گەنجینەی عەشق کرد
سەزی شمشاڵکم دزی
شەوانی مانفای ئەهنایە سەما
فرمێسکی ژنکی رووتم دزی
خەی لە نوری خودا هەڵدەکشا
من دزیم لە گەنجینەی خودا کرد
بارانکی قەشەنگم دزی
وەک جامە شەراب لە چاوی
ژنکی کچەریی ئەژا
ئەستێرەیکی ئارامم دزی
لە ژێر تاڤگەی تیشکەکانیدا
شەهوەت و هەوەسی لە ئەچەا

لە مەملەکەتی ڕشناییەوە هاتووم
هاتووم بە ئەوەی
خەنجەری ڕوونا کی لە جەستەی
ئیبلیسی تەنهایی بچەقنم و
بە پەنجە گوگوییەکانی موحیبەت
سەمفەنی عەشق بژەنم
لە کیشوەری تیشکەوە هاتووم
هاتووم بە ئەوەی
بە پەنووسکی نورانی
مژووی تاریکی فیراق بنووسمەوە و
بە ماچکی ئەجگار تامزرە
ڕووبارک لە لەزەت بخەمەوە

بەم ڕۆژگارە بە دواتەوەم، بەڵام تە
وەک نەورەسکی تەلیسماویی
بە باڵکی ئەفسووناوییەوە لە فەیندایت
منیش لە سەرزەمینی ڕوئیاوە
وەڵی باڵکی قەقنەسیم بمگەیەنەت

بە هەرەمی ئاوەدانی ئایندەت
بەم رۆژگارە بەدواتەوەم، بەڵام تۆ
وەک دەریایەکی یاخیبوو
بە شەپۆلە تووڕەکانتەوە لە هەڵچووندایت
منیش بە سەدای بریسکاویی خەیاڵ
دڵی نووستوی تەم بەدار ئەکردەوە

هەناسەکانی تۆ بۆنی دەریای لێ دێت
دەریایەک پڕ لە شەپۆلی گومان
دەریایەک پڕ لە پشکۆی دڵشکان
دەریایەک پڕ لە یادگاریی غەمبار
دەستەکانی تۆ بۆنی دەریای لێ دێت
دەریایەک ماندوو لە درێی پیاوان
دەریایەک تووڕە لە ژانی سەفەر
دەریایەک پڕ لە بەڵەمی چاوەڕوانی
تۆ خۆت دەریایەکی گەنجیت
ئالوودەی بە خوونکی پیرەوە

بیرم دەکردەوە تۆ کێی؟
هەر جارێی خەیاڵێک ئەیبردمەوە
جارێک ئەمووت تۆ لەگەڵ باران باریویت
جارێک ئەمووت لە تیشکی هەتاو جیا بوویتەوە
جارێکی تر گومانی ئەوەم دەکرد
تابلۆیەکی بە فڕچەی فەنتازیا ڕەنگ کراویت
بیرم دەکردەوە لە کوێوە هاتوویت؟
هەر جارێی خەیاڵێک ئەیبردمەوە
جارێک ئەمووت لە باوەشی جوانییەوە هاتوویت
جارێک ئەمووت لە دەربەندی خەیاڵەوە هاتوویت
جارێکی تر گومانی ئەوەم دەکرد
فریشتەیەکی لە نیشتمانی زامدارەوە هاتوویت

نازانم چۆن پێت بڵێم، ئارەزووم
وەک کلوێ بەفر بەسەر ئاگری سینەتدا ببارم

بە مقەستی شیعر کراسی شەرمنیت بدەم و
وەک چەند دەپە فرمێسکێکی قەتیسماو
بژمە چاوە ئاگرییەکانتەوە
نازانم چۆن پێت بڵێم، ئارەزوومە
وەک موچەکەیەک بە لەشتدا تێپڕم
بە دەستی قەدەر دار گوڵاسی عەشق
لە ناو هەناسەکانتدا بوونم و
وەک نامەیەکی تازە گەیشتووی دەداریی
بە تامەزرۆییەوە بمخوێنیتەوە

ئەوەی لە کۆتاییدا ئەمێنێتەوە
بارانی چاوەکانی منە
کە هەرگیز خۆش ناکاتەوە
راوەستانی ئەبەدیی منە
لە تەرمینالی چاوەڕوانیدا
مەیینی خوێنی منە لە بەستەڵەکی مەنفا
ئەوەی لە کۆتاییدا ئەمێنێتەوە
ئاوە نەدانەوەی تۆیە
لە گەمەگەمی شیعرەکانم
خەنجەری تۆیە
لەسەر ملی کۆتری ئاواتم
بەدەنگی وەحشەتناکی تۆیە
لە ئاست ناڵە ناڵی خوونە سوزەکانم

لە چاوی تۆوە ئەڕوانمە
ئەو ئاوێنانەی درزی زەمەن لە دەیاندایە
ئەو ماسییانەی لە بەدەنگی دەریا بەزارن
ئەو تیشکانەی لە باوەشی ئەستێرەوە ئەژەن
ئەو شیعرانەی چاویان فرمێسکی تەزاوە
لە چاوی تۆوە ئەڕوانمە
ئەو پەروانانەی بە پێکەک عەشق سەرخۆش ئەبن
ئەو زریانانەی بە نیگایەک هەور ئەبنەوە
ئەو باخانەی گوڵ لە گەرانی پاساریەکان ئەگرن
ئەو تریفانەی، خۆشەویستی سەوداسەری کردن

هێشتا هەست بەوە ناکەیت
خەریکە لە رەگە پێچاوپێچەکانتدا ون ئەبم
خەریکە دەبمە رەمانێکی نانوسراو
خەریکە دەبمە قەسیدەیەکی کز
خەریکە ئەبمە دەریاوانێکی یاخی و
مەرجان لە قووڵایی ڕەحتدا ئێدەزموو؟
هێشتا هەست بەوە ناکەیت
خەریکە دەبمە دەنگی گریانێکی دوور
خەریکە دەبمە ئیسماعیلێکی سەربەدراو
خەریکە دەبمە حکایەتێکی خنکاو
خەریکە دەبمە گەستانێکی لە
پە لە خەون و ڕووناکی کوژراو؟

هێشتا هەست بەوە ناکەیت
خەریکە لە رەگە پێچاوپێچەکانتدا ون ئەبم
خەریکە دەبمە رەمانێکی نانوسراو
خەریکە دەبمە قەسیدەیەکی کز
خەریکە ئەبمە دەریاوانێکی یاخی و
مەرجان لە قووڵایی ڕەحتدا ئێدەزموو؟
هێشتا هەست بەوە ناکەیت
خەریکە دەبمە دەنگی گریانێکی دوور
خەریکە دەبمە ئیسماعیلێکی سەربەدراو
خەریکە دەبمە حکایەتێکی خنکاو
خەریکە دەبمە گەستانێکی لە
پە لە خەون و ڕووناکی کوژراو؟

ونبوون.. سەردار جاف

کە جگەرەکەم پە دەکەم
ئاوە تەزیوو
تەژی لە ڕەحی سپیم و لە تەنهایی فریشتەییم
کە جگەرەم لە نەو پەنجەکانم دەنەم
بادەی ڕەژانی گەنجی دنەم دەدا
بە ئەوەوەی گرە دەدەم
جارەکی دی
بە هزر دە ڕەژانی زووی هەڵشەییم
... ...
کراسەکەت بەنی گەڵا و بەووی لە دە
دەڕپ دەڕپ
ئاونگ باروەتی سپەدان
لە دامەنی ئەو کراسە
قوڕپی هەناسەم مردووە و
خەڵکی لە جەی باوان بەزار
وشکەساڵی کەتەردار
ڕەنگی کراس دارەدارە و
گەوگاڵی زمانیشم جریوەی باڵندەی سەر دار
لە تەنگەبەری دەربەنەتا
بووم لەرفە و گڤەی شەوبا
هەستم شەپەلی ڕووبارە
ڕەحیشم سەرمەست و شەتی دەم ڕەشەبا
کە کراس بە ئاودامانی دارەوەیە
سروشت تەژی لە بەستەڵەک
هەور هەور … بە ئاسپایی
ڕەشبەڵەکی ڕووتبوونەوە
جەژوانی نەبوونیمان بە دەم ڕەوە دەشەوەنە
پەنجەکانم ختوکەی گریانی خەو با
هەڵەمی ونبووی وەهم دەبووم
ڕایەڵەی فریودانم
مینا خەوە
باریکتر لە پردی سیرات
پەڕینەوە
لە نەو دوو دژ

بەستەک و دژوار
تاوسانک و نشیو
باباوون لە نەو سروشتا
کەشمەکەشمی ژین و مەرگ
نغرەبوونی خەری وار
تەزووی سەبوون
باخچەی غوربەت
بەنی شانەل
ئاسنەیی فرە جەسەر
ووخساری ونبووی هەوار
کە مانگە شەو پەیامکی خودایی
لە سەفەری بادەی ونبوون بگەڕەوە
ئاوەڵە تر بدەرەوە
شەرابی ڕەش
نیوەی تەمەن بە میراتی بە خەی دەبا
بە قایغی لاساریا هەمەزنە
دیوەکم سەرماو ڕچینە
ئاوی دیکە گەرم و سوتان
یادەکانمان
لە سەر بستە خاکی ووتن
بوونە لەڕی میلەدییەک
ووە لە ونبوون نایەنەوە
وێناکانی نیشتیمانیش
بوونە دوێنە و لە پشتەوەن
بە هەزار نزای دایکان و
دەریای ئەشکی باوانمان
مەحوو دەکرێن ناژێنەوە
دەنگی شیعر
پە لە بە دەنگی کەڕەوە
کەشکەڵی ئازارەکانی لە کەناوە
تەپوتەزی گەرمەسەری لە نیشتووە
لەوانەژی زەنوەران
سەرچەپی تاوان بەر نادا
گەرووی گە و پە نەعرەتی
ژیلەمۆیەکی لەناوە

Bad Camberg

2021 .12 . 27

بەخەم بە.. نەوزاد بەندی

دانیشە ..
خەم مەخە ..
مەترسە ، ..
دەستات کوردە ..
پەرلەمان کوردە ..
کەمپانیا کوردە ..
بەخەم دانیشە ،
هەرگیز خەم مەخە ..
قەت قەت مەترسە ..

دەستات کورد بە
پەرلەمان کورد بە
کەمپانیا کورد بە
گەشتیشت بخەن ،
ئەسکت ناشکەنن ..
ئاویش بەتە ژوور ،
ماڵت نامەنن ..

ـــــئەمە شیعر و شت نیە